

# یادێک لە کاک عەزیزی فەرهاد

## ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد

پێشکەش بە ڕۆحی پاکی کاک عەزیزی فەرهاد

## پێڕست

پێشەکی.......................................................٥
کورتەیەک لەسەر ژیان و بەسەرهاتی کاک عەزیز.........٩
وێنە و بەڵگە.....................................................١١
سازمانی جەوانانی کورد.......................................١٧
دانیشتنی ڕێکخراوی لاوان لەگەڵ کۆمەڵەی ژ.ک......٢٣
ناردنی لاوانی کورد بۆ زانکۆی ئەفسەری باکۆ............٢٤
چوون و گەڕانەوەی لاوانی کورد لە سۆڤیەت............٢٦
بیرەوەری دکتۆر قادر مەحموود زادە " ئاسۆ"............٤١
زیندووکردنەوەی حیزبی دێموکرات........................٤٥
سەفەر بۆ سۆڤیەت..............................................٤٧
ئاوارە بوون................................................... ٤٩
ڕۆیشتن بەرەو شووڕەوی.......................................٦٣
دیسان دیداری عەزیزی خۆشەویست...................٧٦
ئازاد بوون لە زیندان..........................................٧٩
بەرەو باکۆ.......................................................٨٦

ماڵئاوایی عەزیزی خۆشەویستم.......................... ٩٢
دیدار لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی.......................... ٩٧
خەبەرێکی دڵتەزێن.................................... ٩٩
بیرەوەری حەمەدی مەلوودی.......................... ١٠١
وتووێژ لەگەڵ ماپەرەی فەرهاد.......................... ١٠٥
وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ باجە ماپەرە.................. ١٠٨
سەرچاوەکان.......................................... ١١١

# پێشەکی

لە بنەماڵەی ئێمە دا، من ناوی کاک " عەزیزی فەرهاد"م زۆر دەبیست و دەیان کوت: چۆتە وڵاتی شووڕەوی و لەوێ خۆی کوشتووە. ئەو کەسانەی کە کاک عەزیزیان دیتبوو زۆر بە ڕێزەوە باسیان دەکرد. جارێک سەبارەت بە کاک عەزیز لە بابم پرسی: کوتی: ڕەفیقم بوو. عەزیز ئینسانێکی باش و ڕووح سووک و هەست ناسک بوو، زۆر میهرەبان و مەتین بوو. خۆی لە کاری سیاسی وەردەدا، پێشەوا ناردی بۆ سۆڤیەت، هاتەوە و دیسان چۆوە. غەریبایەتی و سیستمی وڵاتی سۆڤیەتی بۆ تەحەموول نەکرا و نەیتوانی دەرسەکانی بە تەواوی بخوێنێ هەر لەوێ خۆی کوشت.

بەڵام دوایی کە کتێبی مامە غەنی بلوریان بڵاو بۆوە، دیتم کە کاک عەزیز هەم لە کۆمەڵەی لاوانی ژ.ک و هەم لە سەردەمی کۆمار و هەم یەکێک لەو کەسانە بووە کە لە زیندوو کردنەوەی حیزبی دێموکڕات دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان زۆر چالاک بووە. مامە غەنی زۆر بە وردی باسی دامەزراندنی سازمانی لاوانی کورد دەکا کە کاک عەزیزیش یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو سازمانە بووە.

من خۆم مامەغەنیم ساڵی ١٩٩٥ لە وڵاتی سوئید دیت. کاتێک کە لێی پرسیم کوڕی کێم؟ کوتم: کوڕی "عەلی فەرهاد"یم. کوتی: عەزیزی فەرهادی چی تۆیە؟ کوتم: کاک عەزیز لەگەڵ بابم ئامۆزا بوون. کوتی: لەگەڵ عەزیز زۆر ڕەفیق بووم زۆر کاری سیاسیمان پێکەوە کردووە زۆر بۆی بە داخ بووم بۆ چارەنووسی!

ئیتر مامە غەنی هەر ئەوەندەی کوت و منیش هیچ پرسیارم لێ نەکرد ئەو کات ئاقلیەتی ئەوەم نەبوو و نەمدەزانی کە ئەوانە هەموو مێژووی نەتەوەی منن. بەداخەوە.

مامۆستا هەژار لە کتێبی چێشتی مجێوریدا لە زمانی کاک حەمەدی مەولوودی دەنووسێ: کە قادر مەحموود زادە "ئاسۆ" لەگەڵ "عەزیز فەرهاد"ی دینە شووڕەوی و دەیانهەوێ حیزبی "لاگری" لە گەڵ ڕووسان دروست بکەن، دیانگرن و دیانبنە سیبری و...

دکتۆر " ئاسۆ " لە بیرەوەکانی خۆیدا باس لەوە ناکا کە هەویستوویانە حیزب دروست بکەن، بەڵام شێوەی ڕۆیشتنی دکتۆر " ئاسۆ " و "عەزیزی فەرهاد" جێی پرسیار و گومانە؟ دکتۆر ئاسۆ وای نووسیوە کە کەسانێک لە سۆڤیەت دەیانزانی و ئاگادار بوون و چاوەڕیی ئەوانیان

دەکرد بەڵام هیچ ئاماژە بەوە ناکا کە بە تەمای دروست کردنی حیزبێک بووبن کە کاپیتان حەمەدی مەولوودی باسی دەکا.

ساڵی ١٣٥٧ . ١٩٧٩ دکتۆر " ئاسۆ " کە دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد سەردانی ماڵی میرزا کەریمی فەرهاد دەکا. کە باجە ماپەرە ( خوشکی کاک عەزیزی فەرهاد ) خۆی لەوێ دەبێ. بەداخەوە لە بنەماڵەی میرزا کەریمی فەرهاد تاقە دوو کەس لە ژیاندا ماون، باجە عیسمەتی قسە خۆش و باجە ماپەرەی قسە خۆش.( ئەگەر بڵێم ئەو بنەماڵە هەموویان قسە خۆش بوون، قسەیەکی هەڵەم نەکردووە، مرۆڤ هەر خۆش بوو لە لای کاک جەعفەری فەرهاد و باجە عیسمەت و باجە ماپەرە دانیشێ ). بەداخەوە باجە عیسمەت تندرووستی باش نیە و تەنیا کەسێک کە زانیاری باشی دامێ باجە ماپەرە بوو کە بچووکترین ئەندامی بنەماڵەی "میرزا کەریمی فەرهاد"یە. من لە کۆتایی ئەم بابەتەدا باس لە قسەکانی باجە ماپەرە دەکەم.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە دوو شت بکەم، یەکەم: لە هەموو نووسراوەکاندا کاک "عەزیزی فەرهاد" بە "عەزیزی فەرهادی" نووسراوە، خەڵکی مەهاباد ئێستاشی لەگەڵ بێ پێمان دەڵێن ماڵی "فەرهادی "یا " فەرهادان " بەڵام لە

بەڵگەی ئیدارەی سەبت و ئەسناد "فەرهاد" نووسراوین.
ئەگەر لە نووسراوەکانی مامە غەنی و دکتۆر ئاسۆ و...
"عەزیزی فەرهادی " نووسراوە مەبەست کاک "عەزیزی فەرهاد"ە.

دووەم: هەر وەک دەزانین کاک عەزیزی فەرهاد یەکێک لەو لاوانە بووە کە لە لایەن کۆماری کوردستانە ناردراوتە زانکۆی ئەفسەری باکۆ. من لێرەدا بیرەوەری بەڕێز کاک ڕەحمانی قازی کە ئەویش یەکێک لەو کەسانە بووە و زۆر بە وردی باسی چوونی بۆ باکۆ و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان کردووە، و دەبێ کاک عەزیزی فەرهادیش هەر بەو شێوەیە چووبێ و هاتبێتەوە ئیستیفادم کردووە.

هیوادارم توانیبێتم کارێکی بچووکم بۆ ئەو تێکۆشەر و نیشتمان پەروەرە کردبێت کە لە کتێباندا زۆر کەم ناوی هاتووە و زۆر کەم باسی تێکۆشانی کراوە.

سپاسی بێ پایان بۆ هاوکاری و یارمەتی بنەماڵەی بەڕێزی فەرهاد و خانمی سیمینی ئیفتیخاری و گوڵاڵەی پێشنماز. سپاسیان دەکەم.

فارووق فەرهاد سوئید ٢٠٢٣/٩/١

## کورتەیەک لەسەر ژیان و بەسەرهاتی کاک عەزیزی فەرهاد

کاک "عەزیزی فەرهاد" کوڕی میرزا کەریمی فەرهاد، دایکی ناوی ڕەعنای لبادی، لە ساڵی ۱۳۰۱ لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. بەو وێنە و چەند سەرچاوە کە لە بەردەست دایە کاک عەزیز خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سەعادەت تەواو کرووە و وەکی باس دەکرێ تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندۆیەتی. مرۆڤێکی یەکجار هەست ناسک بووە و هەر وەکی دکتۆر ئاسۆ ئامازەی پێدەکا ئینسانێکی میهرەبان و دڵ ڕوون و پاک بووە.

سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک لەگەڵ کاک غەنی بلوریان و لاوەکانی ئەو سەردەمە زۆر کاری سیاسی کردووە و یەکێک لەو کەسانە بووە کە لەگەڵ ٥٠ لاوی کورد چۆتە زانکۆی ئەفسەری باکۆ. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان یەکێک لەو کەسانە بووە کە لە زیندوو کردنەوەی حیزب دێموکڕات دەوری بەرچاوی هەبووە و ساڵی ۱۳۲۹ لەگەڵ دوکتۆر ئاسۆ دەچێتەوە بۆ شووڕەوی.

ماوەی سێ ساڵ لە زیندانی سۆڤیەت دەبێ و بەهاری ساڵی ۱۳۳۲ لە زیندان ئازاد دەبێ و دوای پێنج مانگ دەچێتە باکۆ و لەوی نیشتەجێ دەبێ.

کاک عەزیز زۆر هەوڵ دەدا کە درێژە بە خوێندن بدا بەڵام سەرکەوتوو نابێ و هاوکات ئەویندار کچێکی ڕووسی دەبێ کە بەداخەوە لەو ئەویندارییش دا سەرناکەوی. ئەمانە هۆی ئەوە دەبێ کە کاک عەزیز لە کۆتایی ساڵی ١٣٣٣ لە شاری باکۆ کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت.

لە بەڵگەی ئیدارەی سەبت و ئەحوالی مەهاباد ساڵی کۆچی کاک عەزیز ١٣٥٧/١٢/٠٠ نووسراوە، کە دروست نییە و دەبێ هەر لەو ساڵەدا بێت کە بنەماڵەی میرزا کەریمی فەرهاد بە ئیدارەی سەبت و ئەحوال مردنی کاک عەزیزان ڕاگەیاندبێ.

بەداخەوە زانیاری زیاترم دەست نەکەوت کە سەبارەت بە کاک عەزیز بنووسم.

## وێنە و بەڵگە:


سازمان ثبت احوال کشور

گواهی شماره ملی

شماره:

تاریخ صدور:

شماره ملی : ۲۸۷۰۰۰۷۸۷۶

نام : عزیز

نام خانوادگی : فرهاد

نام پدر : میرزاکریم

تاریخ تولد : ۱۳۰۱/۰۲/۰۹

سری و سریال شناسنامه: -۰

:کدپستی

نام، نام خانوادگی و امضاء صادرکننده:

مهر اداره ثبت احوال:

این گواهی از تاریخ صدور صرفاً به مدت یکماه و با ارائه اصل شناسنامه دارای اعتبار است.

تاریخ کوچ: ۱۳۵۷/۱۲/۰۰

سازەمانی سەبت ئەحوال کەشور      گەواهی ژمارە میللی

ژمارە میللی: ٢٨٧٠٠٠٧٨٧٦

ناو: عەزیز

ناوی بنەماڵە: فەرهاد

ناوی باوک: میرزا کەریم

تاریخی لە دایک بوون: ١٣٠١/٠٢/٠٩

تاریخی کۆچ: ١٣٥٧/١٢/٠٠



مەهاباد، ساڵی ١٣٢٥

لە چەپەوە: زەلیخای ئافتابی، گوڵانی فەرهاد، میرزا کەریمی فەرهاد، خورشیدی فەرهاد، ئایشەی ئافتابی( کچی باوەشی ئایشە خانم، ماپەرەی فەرهاد ).

منداڵەکان لە چەپەوە: نوسرەتی فەرهاد، جەعفەری فەرهاد، عیسمەتی فەرهاد.

وێنە: لە ئالبوومی بنەماڵەی بەڕێزی جەعفەری فەرهاد وەرگیراوە.



له ڕاستەوە: هاشمی مووسازادە. عەزیزی فەرهاد

ساڵی: ١٣١٥/١٠/١٥

نظر باینکه این دو نفر باهم دیگر دوست
صمیمی بوده اند این است این عکس
بعنوان یادگار کشیده شده است ۱۵

ما

آقای عزیز [illegible] دل و آقای
هاشم هنرکلی زاده [illegible]

۱۵/۱۰/۱۵

۱۳۱۷

پشتی ئەم وێنەیە بەم جۆرە نووسراوە:

نظر باینکه این دو نفر با هم دیگر دوست صمیمی بوده‌اند این است این عکس را بعنوان یادگاری کشیده شده است.

آقای عزیز فرهادی و آقای هاشم موسی زاده هستند.

۱۵/۱۰/۱۵

۱۳۱۷

لەبەر ئەوەیکە ئەو دوو کەسە لەگەڵ یەکتر زۆر دۆست و خۆشەویستی یەکترین، هەر بەو مەبەستە ئەم وێنەمان بۆ یادگاری گرتووە.

ئاغای"عەزیزی فەرهادی و ئاغای هاشمی مووسا زادە".

۱۳۱۵/۱۰/۱۵

سپاس بۆ کاک فەرەیدوون حەکیم زادە کە ئەم وێنەی بۆ ناردم.



میرزا کەریمی فەرهاد

سازمانی جەوانانی کورد

کاک غەنی بلوریان لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە دامەزراندنی سازمانی جەوانانی کورد دەکا کە "عەزیزی فەرهاد"یش یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو سازمانە بووە.

کاک غەنی دەڵێ: ئەفسەرێکی ڕووسی هەبوو بە ناوی "جەعفەر ئۆڤ" کە کوردی ئەرمەنستان بوو. جەعفەر ئۆڤ بەرواڵەت سەرۆکایەتی تیپی وەرزشی سەربازەکانی ڕووسی لە ورمێ بەملەوە بوو. ئەو جار جارە لەگەڵ چەند یاریکەری ڕووسی لە "ورمێ"وە دەهات بۆ مەهاباد و لە گەڵ ئێمە قوتابییەکانی قوتابخانەی ئامادەگی بە ناوی "دەبیرستانی پەهلەوی" یاری والیباڵیان دەکرد.

ناوبراو هەموو جاری چەند ڕۆژنامەی کوردی "ڕێیاتازە"شی بۆ دەهێنایین، کە لە لایەن کوردەکانی ئەرمنستانی سۆڤیەتەوە لە " ئێرەوان" دەردەچوو. من ئەو ڕۆژنامەیەم دەخوێندەوە. لە دەقی وتارێکی ئەو ڕۆژنامەیەدا باسی "کونسومۆل"کرابوو.

لە "جەعفەر ئۆڤ"م پرسی: کونسومۆل چییە؟ ئەو ناوەکەی بۆ شی کردمەوە و گوتی: کونسومۆل سازمانی جەوانانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتە.

ئەو ناوە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ماوەیەک بیرم لێکردەوە و سەرنجام بڕیارمدا بۆ دروست کردنی سازمانی جەوانانی کورد لە گەڵ ژمارەیەک دۆستی نزیکم قسە بکەم، بەڵکوو بەیەکەوە بۆ دامەزراندنی"سازمانی جەوانانی کورد" هەوڵ بدەین. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بانگەوازێکم دەرکرد کە بە کورتی دەقەکەی بەمجۆرە بوو:

" لاوان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئێمەی لاوی کوردیش بۆ ئەوەی بتوانین دەنگی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای بەرز بکەینەوە پێویستە سازمانێک دامەزرێنین. بۆ ئەم مەبەستە داوا لە گشت لاوانی وڵات دەکەم بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەوتۆ بە هانامەوە بێن".

بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەوازە، چەند هەڤاڵی نزیکم ژێر بانگەوازەکەیان ئیمزا کرد. ئەوانە بریتی بوون لە: سەدیقی سیاسەری، عەبدوڵڵای حەکیم زادە، سەدیقی خاتەمی، عەلی مەولەوی، ئەحمەدی ساڵحیان، قادری مەحموود زادە، سەید عەبدوڵڵای زەکی، مستەفای ساجبلاخچی، عەزیزی فەرهادی.

پاشان تۆماری ناوەکان و بانگەوازەکەماندا بە سەدیقی سیاسەری کە بە لاوانی مەهابادی ئیمزا بکا. لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەی ئیمزاکەرەکان گەیشتە ۲۵۰ کەس، پێویستە ئەوەش بڵێم کە هیچکام لە ئێمە ئەزموونی کاری سیاسی و ڕێکخراوەییمان نەبوو، بەڵام بەرەبەرە لە پراکتیکدا خۆمان گەیاندە ئەو پلەیە کە ڕێکخراوەکەمان هەڵسوڕێنین.

ئینجا لەو فکرە کەوتین یانەیەک سازکەین. بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو مەبەستە "عەبدوڵلای حەکیم زادە "مان دیاری کرد شوێنێک بدۆزێتەوە. سەرنجام لە ڕووبەڕووی نەخۆشخانە کۆنەکەی مەهاباد واتە " شێڕوخورشید" خانووبەرەی"سالحزادە"ی دەرمان فرۆشمان مانگێ بە ۳۵ تمەنی بە کرێ گرت و ئەمجارە بۆ پەرداخ کردن و پۆشتە کردنی کەوتینە هەوڵ و هانامان بۆ خاوەنی چایخانەکانی شار برد و داوای یارمەتیمان لێکردن.

ئەوان بە دڵێکی فراوانەوە پێشوازیان لێکردین و گوتیان: هەرچی پێویستانە فەرموون. بۆ ئەوەی زەختیان نەکەوێتە سەر لەهەر چایخانەیەک دوو سەندەڵی و کورسی یەکمان بارکرد و بۆ ڕازاندنەوەی یانەکەشمان هەر کام لە هەڤاڵان بە پێی توانا کتێبیان پێشکەش کرد.

وەستا "عەلی دارتاش"یش قەفەزەیەکی پێشکەش کردین و کتێبخانەیەکی خشپیلانەمان پێ ئامادە کرد. چەند وێنەی شێخ سەعید، شێخ عەبدولقادر، ئیحسان نوری پاشا و دوکتور فواد و وێنەیەکی خەیاڵی "شێخ عەبدولسەلامی بارزانی"مان هەڵاوەسی و بۆ ڕەزامەندی ڕووسەکانیش وێنەی "ستالین، لێنین، مارکس و ئنگلس" مان بە دیوارەوە لکاند و تەختە ڕەشێکیشمان لە قوتابخانە وەچەنگ خست. بەمجۆرە لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢١.١٩٤٢دا "سازمانی جەوانانی کورد" مان دامەزراند.

لە کۆبوونەوەیەکدا، کە لە باخی " مکائیلی" لە بناری "ئەشکەوتی نورەدین"ی پێکمان هێنا، هەڤاڵان پێک ئاشنا بووین و لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کار و خەباتی سازمان گفتوگۆمان کرد.

لە دەستپێکردی ئەو کۆبوونەوەیەدا هەڤاڵان بە دەنگی تێکرایی و ئاشکرا، "من و عەلی مەولەوی، ئەحمەدی ساڵحیان، قادری مەحموودزادە و عەزیزی فەرهادی"یان بۆ بەڕێوەبەری و هەڵسوڕاندنی "سازمانی جەوانانی کورد" هەڵبژارد.

چونکە من نەخشی سەرەکیم هەبوو لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیەدا کرام بە بەرپرسی یەکەمی سازمانی جەوانان. لەو کۆبوونەوەیەدا هەر وەها بڕیاردرا بۆ ئاگادار بوون لە یەکتر لە خەباتی سازمان، گشت ڕۆژانی هەینی کۆڕێکی تێکرایی لە باخی مکائیلی ببەستین.

جیا لەوە، بڕیاردرا هەڤاڵان ڕۆژانی هەینی بە پێی توانا خواردەمەنی بێنن تا سفرەیەکی تێکڕایی بچنین و وێکرا نان بخۆین. بەو هەوڤاڵانەی کە لە باری ئابوورییەوە دەست ڕۆیشتبوون گوترا هەر کام چەند فیشەکێک لەگەڵ خۆ بێنن تا هەڤاڵان فێری تەقە کردن بن.

ژمارەی ئەندامانی سازمانی جەوانانی کورد لە یەکەم ساڵی خەباتی دا سەری لە ١٣٠٠ لاو دا. ئەو ژمارەیە بۆ مەهابادی ئەو کات کە نزیکەی ١٤٠٠٠ کەسی دانیشتوو هەبوو ژمارەیەکی بەرچاو بوو. ئەو ڕێکخراوەیە توانی لە سیاسەتی ناوچەی هەڵسوڕانیدا ڕۆڵێکی گرنگ سیاسی بگێڕێ و هەستی کوردایەتی خەڵکی بەرز کردەوە.



عەزیزی فەرهاد

سەردەمی کۆماری کوردستان ساڵی ١٣٢٤. ١٩٤٦

دانیشتنی ڕێکخراوی لاوان لەگەڵ کۆمەڵەی ژ.ک

کاک غەنی بلوریان لە کتێبی"سەدەی کارەسات"لە وتووێژ لەگەل برایمی فەڕشی دەڵێ: موزاکەرەی ئێمە لەگەڵ ژ.ک لە ماڵی حەمەدی مەولوودی کرا. نوێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک سەدیق حەیدەری، دڵشاد ڕەسووڵی و زەبیحی بوون. من و کوڕێکی تر بە نێوی "عەزیزی فەرهادی" نوێنەرانی سازمان جەوانان کورد بووین.

پێشتر لە لایەن جەمعی خۆمانەوە لەنێو باخی هەڵبژێراین، کە بچین قسە لەگەڵ ئەوانە بکەین. ئەوان مەسائیلیان مەترەح کرد کە ئێوە چیتان دەوێ، دەرخواستو [داوا]چییە؟

ئێمەش بە شکڵێکی ساکارگوتمان: ئێمە خواستمان ئەوەیە کوردستانی ئازاد بکەین.

کۆمەڵە ژ.ک یش ئەودەمی شوعاری کوردستانی گەورەی هەبوو، لەگەڵ حیزبی هیوا لە عێراق پێوەندیان هەبوو. پێشتریش لە سنوور زەبیحی و ئەوان دانیشتنیان لەگەڵ میرحاج و ئەوانە هەبوو.

ئێمە گوتمان خواستەکەمان ئەوەیە موبارزە دەکەین بۆ کوردستان و ئیتحادی شووڕەویش بە دۆستی میللەتی

کورد دەزانین و دژی ئینگلیسین و ئینگلیس دوژمنی میللەتی کوردە.

لە کتێبی سەدەی کارەسات، گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلوریان برایمی فەڕشی، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٨

***

ناردنی لاوانی کورد بۆ زانکۆی ئەفسەری باکۆ

میرزا مەنافی کەریمی دەڵێت: موافەقەت کرا ٦٠ کەس لە لاوانی خوێندەوار بۆ پەروەردەی سەرکردەیی " ئەفسەری" و زانکۆی جۆربەجۆری تر بنێرینە باکۆیە و ٤٠ کەسیشمان بە خوێندنگە نیزامییەکانی ئازەربایجانی ئێران کە لە لایەن دەوڵەتی شوورەوییەوە بۆ ئازەبایجانی ئێران ساز کرابوون ناساند و لە ماوەی سێ ڕۆژاندا ناردنی خوێندکارەکان دەستی پێکرد.

یەکێک لە بەڵێنە زۆر ئەرێنییەکانی باقرۆڤ کە بە پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی دابوو، قەبووڵ کردنی خوێندکاری کورد بوو بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بەشی ئەفسەری و بەشەکانی تردا لە باکۆ.

له مانگی مارس و ئاپریلدا قازی محەمەد بە هاوکاری میرزا مەنافی کەریمی دەستی کرد بە دۆزینەوەی ژمارەیەک گەنج کە بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن و لە داهاتوودا خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن.

چونکە ئەو کاتە پلەی خوێندن لە خوارەوە بوو، هەر کەسێک پۆلی شەشی بنەڕەتی تەواو کردبوو، دەیتوانی هەڵبژێردرێت. لەبەر ئەوە زۆر زوو ٦٠ گەنجیان هەڵبژارد و ڕەوانەی باکۆیان کرد...

لە کتێبی: قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان، نووسینی: حامید گەوهەری هەولێر ساڵی ٢٠١٧

## چوون و گەڕانەوەی لاوانی کورد لە سۆڤیەت

لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ی زایینی) لە لایەن بەڕێوبەرەانی کۆماری کوردستان بڕیار درا چەند کەس وەک خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات بەڕێ بکەن. ئێمە لە پۆلی چواری دەبیرستان ( ساڵی کۆتایی دواناوەندی ) دەمانخوێند.

ڕۆژێک لە قوتابخانە بووین کە جەنابی پێشەوا و بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی لە قوتابخانە وەژوور کەوتن. دوای بەراوەردی خوێندکاران چەند کەسیان ناو نووس کرد و هەڵیانبژاردن بۆ ئەوەی بەڕێ بکرێن بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی خوێندن و فێر بوونی زانست.

دوای دەست نیشان کردنمان فەرمووی: سێ ڕۆژتان کات هەیە خۆتان ئامادە بکەن و خۆتان بە بنکەی فێرکاری بناسێن تا بەڕێتان کەن. کۆی گشتی ئەو کوڕە کوردانەی لەبەر چاو گیرابوون پەنجا کەس بووین کە لە مەهاباد و بۆکان و سەقز و نەقەدە و چەند کەس شکاک پێک هاتبوون. لە تەورێز و شارەکانی ئازەربایجانیش را دوسەد و پەنجا کەس دیاری کرابوون و کاتێک لە تەورێز را بە سواری

قەتار بەرەو سنووری یەکێتی سۆڤیەت بەڕێیان کردین سێ سەد کەس بووین.

کاتێک گەیشتینە شاری باکۆ شەو دەرنگ بوو. یەکسەر بردیانین بۆ زانکۆی ئەفسەری کە بە زمانی ڕووسی پێیان دەکوت " پیخودنی ئوچنیش ". ئەو شەوە جل و بەرگی ئێمەیان وەرگرت و جل و بەرگی تایبەت بە زانکۆیان داینێیە و دوای خۆ گۆڕێن نان و خواردنیان داینێیە و شوێنی نووستن و مانەوەیان بۆ دیاری کردین. دوو ڕۆژ کەس کاری پێمان نەبوو و ڕۆژی سێهەم کۆیان کردینەوە و بە سەر پۆلی سی کەسیدا دابەشیان کردین و دەستمان کرد بە خوێندن.

دوای دوو ڕۆژ پشودان تاقیان کردینەوە و هەر کەس بە پێی زانست و توانای خۆی پۆلیان بۆ دیاری کردین. بۆ نموونە ئەوانەی تا پۆلی شەشی سەرەتاییان خوێندبوو بردیانن بۆ پیادە نیزام. ئەوانەی تا پۆلی سێی دواناوەندیان خوێندبوو بردیانن بۆ تۆپخانە. پۆلەکان سی کەس بوون و بە زمانی خۆیان پێیان دەکوت" تاکم ".

ئەو زمانەی کە دەرسیان پێدەکوت ئازەری یەکێتی سۆڤیەت بوو کە زوربەی زمانی ڕووسی بوو. ئێمە کە ئازەریمان نەدەزانی تا لەگەڵ زمانەکە ڕاهاتین بۆمان قورس بوو بەڵام لە دوایی دا زۆر باش تێدەگەیشتین.

تا ماوەی سێ مانگ نەیانهێشت لە زانکۆ بڕۆینە دەر و بچینە ناو شار. لە دوای سێ مانگ ئەو یاساغە لەسەرمان لابرا و ڕۆژانی یەکشەمۆ دەمانتوانی بڕۆینە ناو شاری باکۆ. شوێنی ناوخۆیی و خواردنی ئێمە و ئازەربایجانییەکان پێکەوە بوو بەڵام بە هیچ جۆرێک دانومان پێکەوە نەدەکولا و ڕۆژ نەبوو لە نێوان کورد و ئازەری دا شەڕ ساز نەبێ. ئەو ئەفسەرانەی دەرسیان بە ئێمە دەکوت زۆربەیان خەڵکی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوون. سەیر لەوە دابوو ئێمەی کوردیان لە ئازەرییە تەورێزیکان خۆشتر دەویست و نێوانیان لەگەڵ ئێمە خۆشتر بوو.

ڕۆژی یەک شەممە بوو و نۆبەی تاقمی ئێمە بوو کە کێشک بکێشین. کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بوو و من کەسێکی تر بە داشقەی ئەسپ کەل و پەلی حەمامان بۆ خوێندکارەکانی تر دەبرد بۆ حەمامی ناو شار. گەیشتینە نزیک حەمام. لەسەر پەنجەرەی ماڵێک ڕادیۆ مۆسکۆ هەواڵ بە زمانی فارسی بڵاو دەکردەوە. دابەزیم و لە لای

پەنجەرەکە وەستام. گوێم لە هەموو هەواڵەکان گرت. باسی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئازەربایجان دەکرد. بە وردی باسی کرد کە چۆن سوپای ئازەربایجان تێک شکاوە و تەورێز گیراوە و پیشەوەری و هاوڕێکانی ڕایان کردووە.

هەر لەو ڕۆژیدا دوای کلاسی سیاسی ئەفسەرێک هات بە ناوی قولیوف. کۆی کردینەوە و کوتی: " ئاڕوادان ئۆلسۆن قەوام، یۆلداش ستالێین باشنە بیوک گویدی ". واتە "ژنت بمری قەوام، کڵاوی لەسەر هاوڕێ ستالین ناوە ". سوپای ئێران ئازەربایجانی بە تەواوی داگیر کردەوە. پیشەوەری و هاوڕێکانی هەڵاتوون و ئێستاش هاتۆنە باکۆ. دروشمی "تۆلمەک وار دۆنمەک یۆخ ". واتە " مردن هەیە گەڕانەوە نییە ". بە درۆ دەرچوو. گەرانەوە هەبوو بەڵام مردن نەبوو. قولیوف کوتی: کوردستان خۆی ڕادەست نەکردووە و ئێستا لەگەڵ حکوومەتی قەوام لە شەڕ دایە.

دوای ئەو قسانە هەموو خوێندکارە کوردەکان داوامان کرد بەرێمان کەنەوە بۆ کوردستان. وڵامیان نەداینەوە. هەر بۆیە مانمان گرت و نەچووینەوە سەر کلاسەکان. مانگرتنەکەمان نزیک بە دوو مانگی خایاند تا ڕۆژێک لە لایەن ستالینەوە فەرمان هات بەرێیان کەنەوە بۆ وڵاتی خۆیان ئەوانە بە کەڵکی بەهەشتی کۆمۆنیستی نایەن.

هەر ئەو ڕۆژە فەرمانەکە دەرچوو جل و بەرگی خۆیان داینەوە و جل و بەرگ و کەل و پەلی سەربازیان لێ وەرگرتینەوە و بە ئۆتۆمبێلی سەربازی بردیانین بۆ بەر دەرگای کۆنسولخانەی ئێران لە باکۆ. لەبەر دەرگای کۆنسولخانە پاسەوانێک وەستا بوو کە ئارمی شێرو خورشیدێکی زۆر گەورەی بە کڵاوەکەیەوە بوو.

بە دیتنی ئەو پاسەوانە و ئەو ئارمە گەورەی کڵاوەکەی دەستمان کرد بە پێکەنین. کاک غەنی بلوریان لەبەر خۆیەوە کوتی: "ئەوە بەرت دام". ئیتر بوو بە قاقا لێدان و فرق و هۆڕی پێکەنین.

پاسەوانەکە زانی بەوی پێدەکەنین. لێی چووینە پێش و کوتمان ئێمە ئێرانین و کارمان بە سەر کۆنسولە. کوتی:" بۆ گوین تاتیڵ دی سەبا گلێلێن " واتە " ئەمڕۆ پشویە بەیانی وەرنەوە ". بەو گفت و لفتە ئازەرییە هێندی تر پێکەنین دایگرتین ئەویش تورە بوو کوتی:" سز نە میللەت سز؟". واتە "ئێوە چ نەتەوەیەکن؟". بەلایەکیش ڕاستی دەکرد دەتگوت خێڵی قەرەچین هەر کەسەوە کیفێکی کۆن و جل و بەرگێکی گنجاوی لەبەر دابوو.

بەو دەنگە دەنگە سەرکۆنسول سەری هێنا دەر و کوتی: چ خەبەرە؟ کوتمان: ئێمە ئێرانین و دەمانهەوێ بڕۆینەوە بۆ وڵاتی خۆمان. کوتی: باشە بەیانی وەرنەوە هەتا ڤێزاتان بۆ دەرکەم و بتوانن لە سنوور بپەڕنەوە.

کوتمان: قوربان نە جێگە و ڕێگامان هەیە لێی بمێنیەوە و نە پارەمان پێیە ئەوشۆ شوێنێک بگرین. سەیرێکی کردین و کوتی: بڕۆنە سەر سنوور ئێستا پەیوەندی دەکەم ڕێگاتان بدەن بپەڕنەوە.

بەو قسەیە یەکسەر سواری قەتاریان کردین و بەرەو جۆلفا کە سنووری ئێران بوو بەڕێیان کردین.ئەو شەو کە بەرەو وڵات و کەس و کارمان دەگەڕاینەوە زۆر خۆش بوو بەڵام بەداخەوە دوو کەس لە هاوڕێیانمان لە قەتار دا بە شەڕ هاتن کە یەکیان مەجید وەلی زادە و ئەوەی تریان قادر مەحموود زادە " دکتۆر ئاسۆ "ی داهاتوو بوو. مەجید پێڵاوەکانی قادری بە پەنجەرەدا فڕێ دا دەر و پەلاماری دا بەڵام پێشمان گرت و من قادر مەحموودزادەم ناردە کوپەی خۆم و بۆ خۆم لە جێگای ئەو دا نوستم.

بەیانی زۆر زوو گەیشتینە جۆلفا.چووینە گومرگ پرسیاریان کرد بەڵگەنامە و کەل و پەل چتان پێیە. ئێمە کە هیچمان پێ نەبوو یەکسەر بەڕێیان کردینە لای سنوور. پردێکی دار کە هەر ڕێگەی پەڕینەوەی دوو کەس لە تەنیشت یەکی هەبوو لە نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤیەت دا لێ درابوو.

لە ناوەڕاستی پردەکە دەرگایەک دروست کرابوو کە خاڵی سفری سنوور بوو. کاتێک گەیشتینە دەرگاکە دیتمان داخراوە و کەسی لێ نییە بۆمان بکاتەوە. غەنی بلوریان کە هەمووکات بزۆز بوو و کاری سەرکەشانەی دەکرد گوتی: گەر یەکێک پشتی دانوێنی من دەچمە سەر پشتی و بە سەر دەرگا دا دەچمە ئەو دیو و دەیکەمەوە.

کوتم: ئەو کارە مەترسیدارە نەکا بڵێن سنوور دەبەزێنن و تەقەت لێ بکەن کەلاکی تۆم بۆ ناچێتەوە. دەستی کرد بە پێکەنین و کوتی سەربازی ئێران ئاگایان لە خۆیان نییە نیگەران مەبە. پشتم بۆ دانواند و بە سەر پشتی من دا وەسەر دەرگا کەوت و کردییەوەکەس پێی نەزانی.

بەرەو بەری ئێران وەڕێ کەوتین کاتێک گەیشتینە پۆستەکەی ئێران دوو ژاندارم ئاگرێکی بچوکیان کردبۆوە و لە تەنیشتی خەویان لێ کەوتبوو. دوو جارمان بانگ کردن

تا له خەو هەستان. به پەله هەستان وتفەنگەکانیان دەست دایه و کوتیان له کویێ ڕا هاتون؟ کوتمان لەو دیو ڕا. کوتیان: دەرگا داخرابوو. کوتمان: زۆرمان لێدا کەس وڵامی نەداینەوه ئێمەش بۆخۆمان کردمانەوه هاتین. ئێمەیان برد بۆ شارەوانی جۆڵفا.

لەبەر دەرگا دوو ئەفسەری ئەمریکایی چاوەڕێی ئێمه بوون. هەر دووکیان دەمانچەیان بەدەستەوه بوو. چاوێکیان لێ کردین و بردیانینه ژووری شارەوانی.دوای لێ پێچینەوەیەکی کەم و هێندێک پرسیاری ساده و ساکار ناردیانین بۆ لای سەرهەنگی سنووربانی. ئەویش بەخێرهاتنی کردین و کوتی: باشتان کرد هاتنەوه وڵاتی خۆتان. بەڵام بەداخەوه فیرقه دیمۆکڕاتی ئازەربایجان دوای تێکشکانیان بێرەدا ڕایان کرد بۆ خاکی سۆڤیەت و جۆڵفایان وێران کرد هەر بۆیه هیچ خانوویەک نەماوه تا ئێوه بنێرم و میوانداریتان لێ بکەم یا لانی کەم ئەوشۆ سەرماتان نەبێ.

تەنیا قاوەخانەیەک ماوه ئەویش دەرگا و پەنجەرەی تێدا نییه بەڵام شوێنێکی خراپ نییه من ڕاخەرتان بۆ دەنێرم ئەوشۆ لەوێ بن تا بەیانی پەیوەندی لەگەڵ تەورێز دەگرم بێن به شوێنتان دا بتانبەن بۆ ئەوێ.

ئێمە کە لە باکۆ ڕا هاتینەوە تەنانەت یەک فلسیان لە پارەی خۆمان پێ نەداینەوە تا بتوانین لە ڕێگا دا جەمە نانێکی پێ بخوین. ئەوەی لە بەهەشتی کۆمۆنیست و ڕێگا دا بەسەرمان هات هەموو کات وەک پەردەی سینەما لەبەر چاومە.

بەیانی زوو شەش کامیۆنی سەربازی هاتن و ئێمەیان سوار کرد و هەر کامیۆنەی دوو سەربازی چەکداریان لەگەڵ خستین تا لە ڕێگا ئاگاداریمان لێ بکەن. ئەو ڕۆژی تا ئێوارە گەیشتینە مەرەند. لەوێ بردیانین بۆ سەربازخانە.ئێمە برێک بە ترس و گومانەوە چووین بەڵام بە پێچەوانەوە زۆریان ڕێز گرتین و خواردنی زۆر باشیان بۆ ئامادە کردبووین.



کاک ڕەحمانی قازی، زانکۆی ئەفسەری باکۆ

سەرۆکی سەربازخانە هات و زۆری بەخێرهاتن کردین. ڕۆژنامە و گۆڤاریان بۆ هێناین و شوێنی خەوتنێکی باشیان بۆ دابین کردبووین. بەیانی دوای ئەوەی نانی بەیانیان داینێ بەڕێیان کردین بەرەو تەورێز.

کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ گەیشتینە تەورێزە. پێشتر خەڵک زانیبوویان و لە شەقامی پەهلەوی چاوەڕوانیان دەکردین. هەر کە ئۆتۆمبێلەکانی ئێمەیان دی پێشیان گرتین و دەستیان کرد بە جوێن دان و پەلامار دان. سەربازەکان زۆریان بە قۆنداغە تفەنگ لێدان بەڵام وا بە هاسانی

نەدەکشانەوە. جگە لەوەش وایان دەزانی ئێستا دەمانبەن و هەمووومان لە سێدارە دەدەن.

بە هەر کوێرەوەرییەک بۆ ڕزگاریمان هات و بردیانین بۆ بەر دەرگای پارێزگا. لەوێش شاپەرەستەکان کۆببوونەوە و هێرشان کردینە سەر بەڵام پاسەوان و سەربازێکی زۆری لێ بوو دەفریامان هاتن و زوو ڕزگارمان بوو.

کاتژمێر دوو و نیوی دوا نیوەڕۆ بوو کە گەیشتینە ژووری پارێزگا. لەوێ نان و خواردنێکی باشیان ئامادە کردبوو. دوای نان خواردن و پشوو دان پیاوێک هات کە ناوی عەلی مەنسووری پارێزگاری تەورێز بوو. دوای دڵخۆشی دانەوە و بەخێرهاتن کوتی: نیگەران مەبن هەمووتان بە بێ کێشە دەگەیێنینەوە شارەکانی خۆتان. ئێستاش بۆ هەر کەس سی تمەنمان هێناوە کە لە ڕێگادا بێ پارە نەبن. دیارە ئەو کات سی تمەن پارەیەکی کەم نەبوو.

دوای دابەش کردنی پارەکە کوتی: ئێستاش ئێوە ئازادن. دەتوانن بڕۆن بۆ نێو شار یا هەر شوێنێکی پێتان خۆشە و بۆ نانی شەو وەرنەوە ئێرە و جێگای خەومان بۆ دابین کردون.سبەینێش لە زانکۆی ئەفسەری تەورێز ئێوە بانگهێشت کراون دوای ئەو بڕۆنەوە شاری خوتان.

هەر کەس بە لایەک دا ڕۆیشت و بۆ شەو گەڕاینەوە پارێزگا. سبەینێ دوای نانی بەیانی بردیانین بۆ زانکۆی ئەفسەری تەورێز و لەوێ زۆریان ڕێز لێناین و مارشی سەربازیان بە بۆنەی ئێمە لێدا و هێندێک لە فێرکاری و مەشقی خۆیان بۆ نمایش کردین.کاتی نیوەڕۆ نان و خورانێکی باشیان داینێ. بەو جۆرە دوو ڕۆژ لە تەورێز ماینەوە و ڕۆژی سێهەم هەر کەسە بەرەو شاری خۆی وەڕێ کەوت.

کاتێک گەیشتینەوە مەهاباد دوو کاتژمێر لە شەو تێپەڕی بوو. یاساغی سەربازی درابوو هیچ کەس بە دەرەوە نەبوو. ترس و سام لە دار و دیواری شار دەباری. کاتێک ئۆتۆمبێلی ئێمە وەستا و دابەزین جێ بە جێ دژبان و ژاندارم دەوریان داین و یەکسەر وە پێش خۆیان داین بۆ ژاندارمەری.

خوالێخۆشبوو محەممەد جەیدی کە پیاوێکی زۆر باش و یەکێک لە ڕدێن سپێکانی شار بوو لێمان پەیدا بوو. دەستی لە ئەستۆ کردین و زۆری بەخێرهاتن کردین و ڕووی کردە دژبانەکان و کوتی: ئەوانە کوڕە باشەکانی ئەو شارەن ئێستا گەیشتونەوە. لێیان گەڕێن بڕۆنەوە ماڵی خۆیان بەیانی دێن و خۆیان دەناسێنن.

ئەو قسانە کاری خۆیان کرد. بەڵام کوتیان: چون یاساغی سەربازی ڕاگەیێندراوە تەقەیان لێ دەکەن. بۆ ئەوەی شتی خراپ ڕوو نەدا بۆ خۆمان دەیانبەینەوە ماڵە خۆیان. بەڵام بەیانی بێن و خۆیان بناسێنن بزانین کێن و لە کوێ ڕا هاتوونەوە.

لە کتێبی: ڕۆژگار ون بوو، بەسەرهات و بیرەوەرییەکانی ڕەحمان قازی، بە قەڵەمی: ناسر قازی، چاپخانەی ڕەهەند سلێمانی چاپی یەکەمساڵی ٢٠١٨



این عکس درسال ۱۹۴۵ میلادی دردانشکده افسری باکو گرفته شده‌است ؛ اصل عکس متعلق به حاج عزیز ابراهیمیان است ، با تشکرازایشان که لطف کردند ضمن دادن نمونه‌عکس ، درشناسایی اغلب افراد کمك نمودند، آقای قادرحمیدی نیزبعضی‌هارا شناختند : اولین ردیف نشسته درجلو، ازراست به چپ : قادرحمیدی د هبکری - فیض الله خان بیگ زاده - کریم منصور قاضی - رسول آقا رسولی (قوڕغان ) - لطیف کر یمی - کریم کریمی - سید محمود باوه‌جانی - محمد صد یقی ۰ ردیف دوم ازجلو، ازراست به چپ :عبدالله حسامی (آغا چکۆله ) - محمد بوستانچی - رئوف گلولانی - رحمان قاضی - کاکاغا قاضی - بقیه شناخته نشدند۰ ردیف سوم از جلو، ازراست به چپ : عزیز ابراهیمیان (که فقط سرش دیده می شود ) - عبدالخالق (سوره ) خسروی - خلیل صدیقی - هاشم نانوازادگان - قادرمرادیان - فتاح حامدی - ازبیگ زاده های اقوام‌رحیم شیرزاد - رحیم شیرزاد۰ چهارنفرآخرین ردیف نشسته، ازراست به چپ : مام حسین فتاحی قاضی - نماز علی اوف - سید عبدالعزیز گیلانی زاده - سید حمید گیلانی زاده۰

ردیف عقب ، ایستاده ، ازراست به چپ : سید حمید علوی - ابرا هیم خان قاسملو- حبیب الله خان قاسملو- مجیدولی‌زاده- معروف آقا فرزند موسی‌خان زرزا- عبدالله سواروف - محمد اموری - عزیزفرهادی - عبدالرحمان گرمیانی - محمد ربانی - سید موسی گیلانی‌زاده - احمد فاتحی - ؟ - ؟ - قادر محمود زاده (دکترآسو)- ؟ - قادرحمیدی - عثمان میکائیلی - خلیل بلوریان - ؟ - غنی بلوریان ؛ این گروه یازده (۱۱ )ماه درباکو بودند.٪- ۱۱ بهمن ماه ۱۳۲۵ خورشیدی ۰

وێنە: لاوانی کورد لە زانکۆی" سالیانسکی" ئەفسەری باکۆ ١٩٤٦. ١٣٢٥/١١/١١

ڕدەیفی پشتەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ نەفری هەشتم: "عەزیزی فەرهاد ".



دکتر ئاسۆ لە زانکۆی ئەفسەری باکۆ ساڵەکانی

١٣٢٦.١٣٢٥

بیرەوەری دکتۆر قادر مەحموودزادە " ئاسۆ"

دوکتور"ئاسۆ" لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا زۆر باس لە دەورانی گەنجی و لاوی کە لەگەڵ "عەزیزی فەرهاد"ی بوویەتی ناکا. کاتێک باس لە کاک عەزیزی دەکا کە کاک عەزیز سەرباز بووە و دێتە لای و بەم جۆرە باسی دەکا:

عەزیزی فەرهادی یەکێک لەو قوتابیانە بوو کە لە شوورەوی لە گەڵم بوو هاتە لام و گوتی: فڵانی کارێکی واجبی بە تۆ هەیە. گەنجێکی سنەییە کە لە گەڵ من سەربازە بە حەقیقەت ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرە. لە سەربازخانەی زۆری ئەزیەت دەکەن و چەند ڕۆژە نانیشیان نەداوەتێ. پێی خۆشە لەگەڵت قسان بکا و دەردە دڵێکی هەیە دێهەوەێ لەگەڵ تۆ باسی کا. ئێستا تۆ کە لە سەربازی ڕزگارت بووە دەتوانی یارمەتی بکەی.

دۆستەکانی منیان هەموو بردبوونە سەربازی و لەژێر ئاڵا دابوون. عەزیز فەرهادیش لیباسی سەربازی لەبەر دابوو. قسەکانی عەزیز زۆر تەئسیری لەمندا کرد و پێم گوت: ئەو ئاغا سنەییە کە ناوی" ئەسعەد خودایاری "ە دەبێ چ کارێکی بە من هەبێ کە من، دەبێ بۆی جێ بە جێ کەم؟

لەگەڵ عەزیزی فەرهادی قەرارمان دانا کە شەوی هەینی ئاخری مانگی جۆزەردان (خرداد) ساڵی ١٣٢٧ لە گەڕەکی قوڵە قەبران لە لای ماڵی سەید ڕەحمانی ئەییوبی، ماڵە فەقیرێکی کرێکار بە نێوی "مەلا خدر مولان" لە سەعات نۆی شەو لەگەڵ عەزیز و ئەو ئاغایە کە نائاشنایە دیدار بکەم.

من بێ خەبەر لە پیلان و تەڵەی ڕووکنی ٢ کە بۆ منیان داناوە، بێ باکانە لەگەڵ عەزیزی دۆستم چووینە ئەو ماڵە و لە پلیکانەکان وەسەر کەوتین و چووینە نێو ژوورێکی نە زور بچوک نە زۆر گەورە دیتم گەنجێک دانیشتووە و زۆر بە پەرێشانحاڵی و نارەحەتیەوە چاوی لە من دەکرد.

ساحێب ماڵ گەنجێکی ٢٨ ساڵە لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو. کاتێک چووینە ژوورەوە و دوای سڵاوو چاکو خۆشی، کاک " ئەسعەد "ئیشارەی بە ساحێب ماڵەکە کرد کە دەرگاکە داخاو بۆ خۆشی بچێتە دەرەوە. گۆیا لە شوێنی دیدارەکەمان دوور بۆتەوە.

دوای ماوەیەکی کورت ئاغای " ئەسعدی خودایاری" گوتی: میرزا قادر ئاغای عەزیزی فەرهادی دۆستی ئێوە دەزانێت کە من لە سەربازخانە زۆر زەجر دەکێشم و زۆر

ئەزیەتم دەکەن، هیچ ڕێگایەک بە ئەقڵم ناگا غەیری ئەوەی کە لە دەست ئەو ڕژیمە پیسە هەڵێم. بە خاتری خودا یارمەتیم بکە تا لە ئێران بچمە دەرەوە و پەنا بۆ شوورەوی بەرم.

کاک ئەسعەد لە پێشدا کاک عەزیزی فەرهادی کە گەنجێکی سادە و میهرەبان و دڵ ڕوون بوو قەناعەتی پێ هێنابوو کە تەنیا ڕێگای چارەی من هەڵاتن لە دەست ئەو ڕژیمە و ڕووکنی ٢یە.

من کە ئەو قسانەم گوێ لێ بوو هەر وەکوو لە لایەن خوداوە ئیلهامم بۆ هاتبێ خۆم کۆ کردەوە و زانیم چ باسە. گوتم: ئاغا ئەسعەد، ئەگەر شوورەوی باش بایە ئێمە نەدەگەڕاینەوە ( من پێم سەیر بوو ئەو ئاغایە ئەو باسە بۆ لەگەڵ من دەکا و بۆ یارمەتی لە من دەوێ، بە حەقیقەت من ئەهلی هیچ نەبووم. قوتابێکی بەدبەخت و بێ بەخت، هیچی دیکە نیم کە لەو دەورو زمانەدا گەڕابوومە بۆ ئێران دۆستەکانی من کە لەوێ مابوونەوە بۆ خۆیان ببوون بە شتێک ).

گوتم: کاک "ئەسعەد" جەنابت لە هەڵە دای. من نە سەری پێوازم نە قونچکی پێوازم. ئێوە باشترە سەربازیتان تەواو بکەن، ئەو کات من دەتوانم یەکێک لە دووکانەکانی مەیدانی ئاسینگەران کە ملکی بابمە لە ئیختیاری جەنابتان دانم و نەختێک سەرمایەتان بدەمێ کە بتوانی بۆ خۆت نانەواخانەێکی بکەیەوە کە ئاوارەی دیاری غەریبایەتی نەبێ. و مەعلووم نیە تووشی چ چارەنووسێک دەبێ.

کاک ئەسعەد زۆری سپاس کرد و گوتی: کە فکری لێدەکەمە و کاک عەزیزی فەرهادی ئاگادار دەکەمەوە.*

لە کتێبی: خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو( چهره مهاباد ) نوشته: قادر محمودزاده ( آسو ).

## زیندوو کردنەوەی حیزبی دێموکرات

کاک غەنی بلوریان لە درێژایی قسەکانی دا دەڵێ: بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست بە هەڵسوڕانی سیاسی بکەمەوە، لە چەند دۆستی نزیک و جێ باوەڕم گێڕاوە تا بەڵکوو بە یەکەوە هەوڵ بدەین حیزبی دێموکرات زیندوو بکەینەوە. بەم مەبەستە داوام لە محەمەدی شاپەسندی، قادری مەحموودزادە و عەزیزی فەرهادی کرد.

من و قادر و عەزیز خوێندکاری سۆڤیەت بووین. "محەمەدی شاپەسند"یش لەوکاتەوە دۆستایەتیم هەبوو کە ئەو لێپرسراوی چاپخانەی ژ . کاف بوو. دەمزانی ئینسانێکی سیاسی کارە و زمانی کوردیش باش دەزانێ و دەتوانێ هاوکارێکی باش بێ.

ئەو سێ کەسە، لە ڕۆژی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٦.١٩٤٨ هاتن بۆ ماڵی ئێمە و بە یەکەوە کۆبوونەوەیەکی چوار قۆڵیمان پێکهێنا. پاش هێندێک باس و گفتوگۆ لەسەر خەباتی سیاسی بە تێکرایی پێشوازیان لە پێشنیاری من بۆ زیندوو کردنەوەی حیزبی دێموکرات کرد.

بە گشتی زیندوو کەرەوەکانی ئەسڵی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٢٦. ١٩٤٨دا ئەندامانی کۆنی حیزبی دێموکرات بوون. لەنێو ئەواندا من و محەمەدی شاپەسندی لە ڕیزی یەکەم دا بووین. پاشان قادری مەحموودزادە بوو. قادر ئەندامی سازمانی جەوانانی کۆمەڵەی ژ . ک بوو، بەڵام چونکە ئەو ئامادە نەبوو کاتی پێشاندانی شانۆی دایکی نیشتمان لە شارەکانی نەغەدە و شنۆ، ئەرکی چاوەدێری هەڤاڵان بە ملەوە بگرێ و بێتە شنۆ و نەغەدە لە سازمانی جەوانانی ژ.ک وەلاندرا. ئەو دوای گەڕانەوە لە سۆڤیەت سەرلەنوێ هاتەوە ڕیزی خەبات و شێلگیرانە بۆ زیندوو کردنەوەی حیزبی دێموکرات هەڵسوڕا، بەڵام سەرلەنوێ لە ساڵی ١٣٢٩دا گەڕاوە سۆڤیەت و ژیانی سیاسی وەلانا.

هەر وەکوو پێشتر گوتم "عەزیز فەرهادی"ش یەکێک بوو لە زیندوو کەرەوەکانی حیزبی دێموکرات. ناوبراویش لە گەڵ ئێمە لە زانکۆی سەربازی باکۆ بوو.

## سەفەر بۆ سۆڤیەت

کاک غەنی بلوریان سەبارەت بە ڕۆیشتنی "عەزیزی فەرهادی" بۆ سۆڤیەت دەڵێ: بەر لە ئازاد بوونم لە زیندان و تەواو بوونی سەربازیم، قادری مەحموززادە و عەزیزی فەرهادی بڕیاریان دابوو بچن بۆ سۆڤیەت. ئەوان لە بانەمەڕی ١٣٢٩ . ١٩٥٠دا هاتنە لام و پرسیان پێکردم، بەڵام من لە وەڵامی ئەواندا گوتم: ئێرە جێی خەباتی ئێمەیە. ئێمە لە سۆڤیەت گەڕاوینەتەوە و دەبێ بزانین بۆچی هاتوینەوە و ئەگەر بمانەوێ بچێنەوە بۆ سۆڤیەت دەبێ مەبەستەکەمان ڕوون بێ.

من سەرئەنجام هاودەنگیم لە گەڵ نەکردن، بەڵام ئەوان بڕیاری خۆیان بردەسەر گەرانەوە بۆ سۆڤیەت. قادر خوێندی و بوو بە دکتۆر. ماوەیەک لە هەولێر کاری پزیشکی کرد و سەرئەنجام بە دوای شۆرشی ١٩٧٩.١٣٥٧ گەلانی ئێران دا گەرایەوە بۆ مەهاباد، بەڵام بۆم ڕوون نەبوو عەزیزی فەرهادی بۆچی لە باکۆ بە تەناف خۆی خنکاند.

ئاڵە کۆک، نووسینی: غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حامید گەوهەری



کاک غەنی بلوریان لە زانکۆی ئەفسەری باکۆ

ئاوارە بوون

دکتۆر قادری مەحموود زادە " ئاسۆ " لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیویەتی: من لە شاری ورمێ دەست بەکار بووم و لەگەڵ هاوشاریەکانم مستەفا مۆئمینی مامۆستای وەرزش و میرزا قاسمی قادری مامۆستای تەبعید کراو و ئاغای کەریم ئەحمەدین و عزیزی فەرهادی و ڕەحمانی ئەوەیسی پێوەندیم هەبوو. ئاغای غەنی بلوریان دۆستی دێرینم لە ورمێ سەرباز بوو و جار جار پێوەندیمان لە گەڵ یەکتر هەبوو.

عەزیز فەرهادی هەمیشە لە ژیان و پەرێشانی حاڵی خۆی لەگەڵ من دەردە دڵی دەکرد و دەیگوت: چ هەڵەیکی گەورەمان کرد لە شوورەوی گەڕاینەوە و تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشە بووین.

عەزیز دەورەی سەربازی تەواو کردبوو و لە ورمێ دەژیا و بێکار بوو و سەرباری بابی بوو کە لە کاروانسەرای ورمێ دووکانی کردبۆوە و لە ماڵی کرێدا دەژیان.

عەزیز ڕووحەن لە عەزاب دابوو کە سەربارە و کاری نیە و ناتوانێ یارمەتی بابی بکا. برا گەورەی عەزیزی، میرزا "مارفی فەرهادی" مەئمووری ئیدارە و کارمەندی دەوڵەت بوو و

حقووقی خۆی دوو دەستی پێشکەشی بابی دەکرد. عەزیز نەیدەتوانی ئەو کارە بکا.

عەزیز منداڵ بوو کە دایکی خۆی لەدەست دابوو و لە ماڵەوە لە گەڵ زردایک و خوشک و براکانی دیکەی دەژیا. عەزیز دڵ ناسک و بە هەموو شت حەساس بوو. ئەگەرچی فەرق و جیاوازیان بۆ دانەدەنا بەڵام لە بەرانبەری کێشە و نارەحەتیدا تاقەتی نەبوو. چەند جار ویستبووی خۆی بکوژێ.

من عەزیزم زۆر خۆش دەویست. عەزیز گەنجێکی سادە، میهرەبان و ڕێک و پێک و سادق بوو. قسەکردن لە گەڵ وی بۆ من خۆش بوو، هەمیشە بە قسەی خۆش ئومێدم دەدایە.

ڕۆژی ١ی بانەمەڕ ( اردیبهشت ) عەزیز سەفەرێکی بۆ مەهاباد کرد و لە گەڵ کۆنە دۆستەکانی قسەی کردبوو و زۆر بە خۆشی و دەم بە پێکەنینەوە هاتە ماڵی ئێمە. پێی گوتم: وەرە کارم پێتە. لە ماڵەوە وەدەر کەوتین.

عەزیز دوای قسەیەکی زۆر لە بابەت گەنجەکانی شۆڕشگێر کە دژی ڕژیمی زاڵمی شا خەبات دەکەن. گوتی: سوڵتان ئاغای شێخ ئاقایی و چەند کەسی تر لەسەر بابەتێکی زۆر

گرینگ دیانهەوی لە گەڵ تۆ قسە بکەن. ئەگەر بتوانی ڕۆژی پێنج شەممۆ بەیانی زوو بچی بۆ مەهاباد و ئێوارەی جوومعەی بێیەوە زۆر باش دەبێ.

قسەکانی عەزیزم بە دڵ بوو و بە هاوژینم "ڕەعنا "م گوت: کە لە لایەن ئیدارەی فەرهەنگی مەهابادوە منیان دەوێ دەچم بۆ مەهاباد و زوو دەگەڕێمەوە.

ئێوارەی پێنج شەممۆ وەڕێ کەوتم. بوو بە شەو کە گەیشتمە مەهاباد، یەک ڕاست چوومە لای دۆستەکانم، ڕەحیم سوڵتانیان و سوڵتان ئاغای شێخ ئاقایی. ئەوان پێیان گوتم: مزگێنیمان بدەیە کە نوێنەری ئێمە لە تەورێز ئاغای "هیلالی ناسری" دوای پێوەندی لەگەڵ "وانیای ئاسووری" لە ڕێگای کۆنسوولگری شووڕەوی لە تەورێز لە بەرپرسانی شووڕەوی ئیجازەیان وەرگرتووە کە دوو یا سێ نەفەر لە ئێمە دەتوانن بچنە شووڕەوی. ئێستا لەتۆ باشتر کەسمان دەست نەکەوتووە، ئەگەر ئامادەی لەگەڵ خۆت هەر کەسێکی دیکە کە پێت باشە پێیان دەڵێین و دوای وەرگرتنی ئیجازە دەتوانن لە ڕێی باکووری خۆراسان و تورکەمن سەحراوە بچنە تورکستانی شووڕەوی و لەویڕا ئێوە دەبەنە باکۆ.

چەندم پێ خۆش بوو هەر خودا دەزانێت، ژن، منداڵ، دایک و بابم هەر فەرامۆش کرد. عیشق بە خوێندن منی شێت کردبوو. دۆست و ڕەفیقی من هەموو لە چنگی ڕوکنی ٢ی دابوون و لە زیندانەکانی تاران، تەورێز، ورمێ و مەهاباد زەجریان دەکێشا و بێچارە ببوون.

لە لایێکی دیکەوە لەدەست زاڵمێکی وەک "سەمیعی" جێگری ڕەئیسی فەرهەنگ لە ئەمنیتدا نەبووم و بیرم دەکردەوە کە ئاخری ڕۆژێک ژەهر و کینەی خۆی بە من دەڕێژێت. بیرم لە ژن و منداڵ و بابی پیر و تەنگدەست و نەخۆشم دەکردەوە کە ئیتر هەرگیز نایانبینمەوە. نەمدەتوانی جوابی یەکجارییان بدەمەوە. ڕەفیقی ئەو ڕێگایە سەختەشم نەدەزانی دەبێ کێ بێ؟

چارەم نەبوو داوای دوو ڕۆژ مۆڵەتەم کرد کە فکری لێ بکەمەوە و بە دۆستانم گوت لە ورمێ ڕا جوابتان بۆ دەنێرمەوە و دۆستی سەفەرەکەشم پێتان دەناسینم. من گەنج بووم و بێ ئەزموون. چوومەوە ماڵی بابم و لەگەڵ باب و دایک و خوشک و برادرکانم دانیشتم و باسم لە ژیانی ئاسوودە و ئارامی خۆم بۆ کردن و هەمان ڕۆژ چوومەوە بۆ ورمێ.

عەزیزی فەرهادی لە گاراژ چاوەڕێی منی دەکرد کاتێک منی دیت بە خۆشحاڵیەوە هاتە لام و لە باوەشی گرتم و گوتی: چ بوو؟

گوتم: ئینشاڵلا کارەکان جێ بە جێ دەبێ و لەو هەموو بەدبەختی و چارەڕەشی نەجاتیمان دەبێ.

من بڕیاری خۆم دابوو تەمەنم ببوو بە ٢٥ساڵ. ئارەزووی خوێندن و هەڵەی ڕابردوو و گەڕانەوەم لە شووڕەوی منی زۆر زەجر دەدا. پرسیارم بۆ دروست ببوو کێ لە گەڵ خۆم بەرم؟ ئەوەڵ ویستم غەنی بلوریان لە گەڵم بێت، بەڵام چۆن غەنی سەرباز بوو و هەموو وەک شوڕشگێرێک دەیاناسی ئیمکانی شاردنەوەی و نەهێنی وی لە چاوی جاسووسەکانی شا زۆر زەحمەت بوو.

کاک مستەفای مۆئمینی کاندیدای دووهەم بوو بەڵام کاک مستەفا گوێی گران بوو و ژن و منداڵی زۆر بوون و زۆریش فەقیر و تەنگدەست بوو. ئەگەر بە ویم گوتبا خودا دەیزانی چ بەسەر ژن و منداڵی دەهات پێم کارێکی دروست نەبوو و کاک مستەفا بۆ ئەو سەفەرە نەدەبوو.

له کۆتاییدا "عەزیزی فەرهادی" کە جەوانێکی فیداکار، پاک، سادەق و دروستکار کە زۆر حەوڵی دەدا کە من تەرکی نیشتمان بکەم کاندیدێکی زۆر باش بوو بۆ ئەم سەفەرە. دوای دوو ڕۆژ بە کەسێکدا خەبەرم نارد کە من لەگەڵ عەزیزی فەرهادی بۆ ڕۆیشتنی بە شووڕەوی ئامادەین.



وێنەیەکی دەگمەن، مەهاباد ساڵی ١٣٢٨ هەتاوی لە چەپەوە: دوکتۆر ئاسۆ، ڕەحیم خەرازی، غەنی بلوریان، دوکتۆر عەلی مەولەوی.

دانیشتوو لە چەپەوە: کاک مستەفا مۆئمینی، عەزیزی حیسامی، ئەبووبەکر مۆئمینی.

وێنە لە لاپەڕەی فەیسبووکی موحیب مەهابادی وەرگیراوە.

دۆستەکانی هاوپەیمان دەست بەکار بوون و پێوندیان لەگەڵ تەورێز گرتبوو کە ڕۆژەکانی یەکەمی مانگی جۆزەردان ( خرداد ) جواب هاتەوە کە هەموو کارەکان جێ بە جێ بووە و ئێوە دەتوانن ئاخری مانگی جۆزەردان کە قوتابخانە دادەخرێ و مانگی ڕەمەزانیش دەست پێ دەکا لە ورمێ بچێنە دەرێ. غەنی بلوریان دڵخۆش بوو کە دوای گەیشتنی جواب سێ نەفەری بۆ ئەو سەفەرە دەڕۆن.

لە ١٥ جۆزەردانی ١٣٢٩ماڵەکەم بار کرد بۆ مەهاباد و کرێی سێ مانگم دا. دۆستەکانم لە مەهاباد بە منیان گوت: کە نیگەرانی هیچ شتێک نەبین و کە گەیشتینە تەورێز بچین بۆ " تیمچە ئەمیر " دووکانی دەستی ڕاست ئاغای "هیلالی ناسری" بدۆزینەوە و خۆمانی پێ بناسێنین جا تەواوی کارەکان جێ بە جێ دەبێت.

من و عەزیز پێمان وابوو کە کاتێک کە گەیشتینە تەورێز هەموو شتێک تەواوە و وەکوو ئەوە وایە ئێمە لە "باکۆ" بین و یەکڕاست دەچێنە زانکۆیە و دوو سێ مانگ لە ئێمە پەزیرایی دەکەن و دوای دەورەی سەرەتایی و ئامادەیی هەر زانکۆیەکی پێمان خۆش بێت دەچین.

کاتێک گەیشتمە ورمێ عەزیز چاوەڕوانی من بوو. یەک دوو ڕۆژ لەوێماینەوە و من سەد تمەنم لە ئاغای "دکتۆر ئەشراقی" کە دەمناسی بە قەرز وەرگرت و لە مانگی ڕەمەزاندا سواری ئۆتووبووسی تەورێز بووین. لە میوانخانەی گیلانی نۆ منزڵمان دانا و ڕۆژی دوایە چووینە لای "هیلالی ناسری"، دووکانەکەمان زوو دیتەوە.

ئاغای ناسری مرۆڤێکی خۆش ڕوو، زانا و سەر سپی کە لەگەڵ تەمەن و سیمای جوانی نەیدەخوێندەوە. ناوبراو زۆر بە گەرمی قەبووڵی کردین و لە بابەت ڕۆیشتنی ئێمە بۆ شووڕەوی قسەی بۆ کردین. ئاغای هیلالی گوتی: دەبێ دوو سێ ڕۆژ چاوەڕوان بن تا ئەو کەسەی کە باوەر پێکراوی ئێمەیە لە " بیلەسوار " بێت بۆ ئێرە و ئەوکات بە خەیاڵی ئاسوودە سەفەرەکەتان دەکەن و هیودارم کە سەرکەوتوو بن.

لە مەهاباد ئادەرسی یەک نەفەر سەعات سازی ئاسووری کە دووکانەکەی لە شەقامی پەهلەوی نیزیکی پاساژ بوو بە ئێمەیان دابوو کە لە دووی " وانیا " بگەڕێن چونکە ڕابەتی ئەسلی " وانیا " بوو. کلیل گۆیا لە دەستی وی دابوو. تا ئەو چرای سەوزی بە ئێمە نیشان نەدا ئێمە ناتوانین لە ئەو دەرگای ئاسنی جەهەنەمی و پەردە کویلەی تێپەر بین.

دووکانە سەعات سازەکەمان زوو دیتەوە و لە گەنجێک کە لەوی کاری دەکرد پرسیاری "وانیا"مان لێ کرد بە بزەیێکی سەیرەوە گوتی: تا سەعاتێکی دیکە پەیدا دەبێ. ئێمە تاوێک چووینە قەدەم لێدانێ و دوای سەعاتێک دیسان بۆ دووکانەکە گەڕاینەوە. لە ناو دووکانەوە گەنجێکی بەخۆوە، لوتێکی هەڵۆیی و نێوچاوانێکی پان و مووی سەری کورت و چاوێکی شین تەماشای ئێمەی دەکرد وادیار بوو چاوەڕوانی ئێمە دەکا.

کاتێک براکەی، ئێمەی بە وانیا ناساند لە جێی خۆی هەستا و بە زمانی ئاسووری شتێکی بە براکەی گوت و زوو لە دووکانەکە چۆوە دەرێ. براکەشی بە سەبرایێکی گوتی: ئێوە لە پشتەوە وەرن و ئاگادار بن کەس لە دوایی ئێوە نەبێ تا بە دەستی ئیشارەتان پێدەکەم. جا ئەو کات وەرنە ژوورێ. ئێمەش لە دورەوە وەدوای کەوتین بە کووچەیەکی دا ڕۆیشت و چوو کوچەیەکی دیکە، چاوی لە دەورووبەری کرد کاتێک دڵنیا بوو کە کەسمان بەدواوە نییە بەدەست ئیشارەی پێکردین و چووینە ژێر زەمینی ڕەستورانێکی کە کەسێک لە پشت دەرگا ڕاوەستابوو وا وێدەچوو کە چاوەروانی ئێمە بوون.

ئێمە لە پلیکانەکان چووینە خواری و دەرگای ڕەستوورانەکە کراوە. ئەو پیاوە ئێمەی بردە گۆشەیەکی چوڵ و بۆخۆی دەرگای داخست و چوو دەرەوە.

نیو سەعاتێک پێچوو لە پشتی سەری ئێمە دەرگایەک کراوە و " وانیا " بە بزەی لێوی و خۆشحاڵیەوە بۆ لامان هات و گوتی: دوستان بەخێر هاتن. بە منیان خەبەر داوە کە ئێوە دوو ڕۆژە لێرەن و چاوەڕێ من دەکەن. من هاتنی ئێوەم بە بەرپرسان ڕاگەیاندووە و ئیجازەم لێوەرگرتوون کە ئێوە دەتوانن بڕۆن.

ئەو قسەیە تەکانی دام. من و عەزیز چاومان لە یەکتر کرد، ئەوەندە شاد بووین کە جێ هیچ پرسیاریمان بۆ نەمابوو کە بپرسم: بەرپرسیار کێین؟ کێ ئیجازە داوەێتی؟ لە کوێ ڕا دەبێ بچین؟ بۆ کوێ دەبێ بچین؟

ئێمە دەستمان لەگەڵی لێداوە و یەکترمان ماچ کرد. "وانیا" گوتی: کاتێک گەیشتنێ هەموو کارەکان جێ بە جێ دەبێ ئێوەش ئێمە ئاگادار بکەن.

ئێمەش بۆ مووسافیرخانە گەڕاینەوە.

دوای دوو ڕۆژان چووینەوە لای ئاغای هیلالی ناسری، گوتی: دانیشن ئێستا کابرا دێت. دوای ماوەیەکی کورت پیاوێکی جەوان، کورتە باڵا، دێهاتی و تەمەنی سی ساڵ دەبوو وەژوور کەوت. سیمای دیار بوو کە پیاوێکی زیرەک و بەتوانایە. ئاغای ناسری ئێمەی پێ ناساند و بە گەرمی ئێمەی قەبووڵ کرد و قەراری دانا کە بەیانی زوو لەبەر دەرگای گاراژ چاوەڕووانی بین.

ڕۆژی دوایی چاوەڕوانی جەعفەر ئاغا بووین. جەعفەر ئاغا هات و پێکەوە چووینە گاراژی و سێ بیلیتمان بۆ ئەردەبیل وەرگرت و لە تەورێز ڕا بەرەو ئەردەبیل وەڕێ کەوتین. ئێوارە گەیشتینە ئەردەبیل. لە قاوەخانەیەک نانمان خوارد. عەزیزی هاوسەفەرم مەسمووم بوو و زگچوونی خوێنی گرت. ئێمە نەمان دەویست زۆر خۆمان وەبەر چاو بدەین. بەو حاڵەشەوە جەعفەر ئاغا دەرمانی دژی زگچوونی بۆ عەزیزی پەیدا کرد.

دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە ئەردەبیل سواری ماشێنکی پیکاب ( وانت بار ) بووین و بەرەو "بیلەسوار" وەڕێ کەوتین. کۆت و شلوارێکی ڕیک و پێک، مووی سەرمان موورەتەب و ڕیشمان تاشی بوو و جانتایەکی دەستی، مرۆڤی وەبیر مەئمووورانی دەوڵەتی دەخستەوە. شیرکەتی " شیار "یش

تازە لە "مەغان" دەستی بەکار کردبوو و کارمەندی دەویست.

لە ڕێگا دا مەئموورینی دەوڵەتی ئەگەر پرسیاریان لێدەکردین کە بۆ کوێ دەچین؟ دەمانگوت: ئێمە کارمەندی شیرکەتی "شیار"ین و بۆ لێکۆڵینەوە و بازرەسی دەچینە ئەو ناوچەیە. ئێمە بێ هیچ گرفتێکی ڕێگامان دەبڕی و لە نیوەی ڕێگایە بۆ چای خوارنەوە و نەختێک حەسانەوە ڕامانگرت. لە ماشینی پیکاب دوازە کەس لە پیاو و ژن و منداڵ خەڵکی بیلەسوار لەگەڵ ئێمە بوون زۆریان ڕێز بۆ ئێمە دادەنا بە حیساب ئێمە نوێنەری دەوڵەت بووین.

ئێوارە کاتژمێر ٧ی دوای نیوەڕۆ چەند کیلۆمیترمان مابوو کە ماشێنەکە تێکچوو و خەراپ بوو. شۆفێرەکە دوای لێکۆلێنەوەیکی زۆر زانی کە چاک بوونەوەی ماشێنەکە کاتێکی زۆر دەخایەنێ و هەواش بەرەو تاریکی دەڕۆا و تا سنووریش هەر چەند قەدەمێکمان ماوە چارەی لەوەدا دیت کە بە مووسافیرەکان بڵێ کە: بیلەسوار زۆر دوور نییە ئێوە دەتوانن تا شەومان بەسەر دا نەهاتووە بە پێیان خۆتان بگەیێنە بیلەسوار.

ئێمە لە سەد قەدەمی سنووری شوورەوی بووین، ئێوارە بوو و ڕۆیشتن بۆ لای سنوور هیچ کێشە نەبوو و زۆریش ئاسان بوو. خەڵکەکەی دیکەش بە پەلە لە ماشێن هاتنە خوارێ و ڕێگای بیلەسواریان گرتەبەر نەکا تووشی حەرەسی سنوور بن و گرفتیان بۆ سازبێ.

من و عەزیز چاومان لەیەکتر کرد و جەعفەر ئاغا گوتی: وەرنە خوارێ ئێستا باشترین کاتە کە بۆ لای سنوور بڕۆن. ئێمە هەر سێکمان خۆمان خافلاند تا خەڵکی دێی دوور بوونەوە و دوای نەختێک دوور بوونەوە لە ماشێن و شۆفێرکە بەرەو بەجێ هێشتینی وڵات نیزیک دەبووینەوە.

لە ڕێگادا هەرچی پێمان بوو لە پرێسکەمان نا و دامان بە جەعفەر ئاغا و زۆرمان سپاس کرد و پێم گوت: ئەوە پیشکەش بە تۆ و قەت چاکەی تۆ فەرامۆش ناکەین. جەعفەر بە پەلە لە ئێمە دوور بۆوە. بیرمان لەوە دەکردەوە کە نەکا لە ئاخرین چرکەکاندا ڕووداوێکی ناخۆشی بۆ بێتە پێش، و پێمان گوت: کە دیاری ئێمە لە بیلەسوار بکاتەوە و زوو بڕوا. جەعفەر ئاغاش بە پەلە لە ئێمە دوور بۆوە و ون بوو.

له پڕێسکەکەدا ١٤ ڕیال و یەک سەعاتی دەستی کۆن، چەند گۆڤار و ڕۆژنامە بوو زۆر شتێکی بە ئەرزشی تێدا نەبوو و ئەوە تەنیا شتێک بوو کە ئێمە پێمان بوو.

***

ڕۆیشتن بەرەو شوورەوی

هەوا تاریک ببوو چاومان لە لای دەستی ڕاست کرد سنووری شوورەوی لە سەد قەدەمی ئێمە بوو. چەند قەدەم بۆ لای سنوور ڕۆیشتین سیمی خاردار وەدیار کەوت.

پۆستی چاوەدێری لەسەر گردەکەی هەموو دەشت و گۆمێ ویشک کراوە وەدیار کەوت و سەربازی چاوەدێر بە دووربین چاوی لە جموجۆڵی ئێمە دەکرد کە بۆ لای سنوور دەچین. ئێمە بە پەلەپەل دەڕۆیشتین و نووربڕژانی سنووریان هەڵکرد و لە ئێمەیان دەگرت. بەرو سنوور کە نیزیک بووینەوە سەربازێکی ڕووسی بە چەکەوە بۆ لامان هات و ئیستی داین و ئێمە مەجبوور بووین ڕاوەستاین و دەستمان هەڵێنا.

ئێمە نەختێک زمانی ڕووسیمان دەزانی، بە ڕووسێکی زۆر خەراپ، سەربازمان حاڵی کرد کە لە دەست ڕژیمی شای هەڵاتووین و دەمانهەوی پەنابەری وڵاتی شووڕەوی بین. ئەو قسانە بە مێشکی سەربازی ڕووسی نەدەچوو و ئێمەی بردە ژووری پاسگاوە.

ڕەئیسی قەراولی بانگ کرد. سەروانێکی ڕووسی کە تورکی زۆر باش دەزانی پەیدا بوو. ئێمە خۆمان ناساند و دوای چەند چرکە قسەکردن بە ئەفسەری چاوەدێری ئیشارەی کرد کە ئێمە بۆ تەویلە بەرێ و ئەوەیش دەرگای تەویلەی داخست و خۆی لە پشت دەرگا مایەوە.

شەوی جێژنی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٢٩ لە تەویلەیێکی تاریک و بۆگەنیو، لە قەرارگای سنووری "بیلەسوار" شووڕەوی تێپەرمان کرد. شامی ئێمە نەختێک نانی ڕەش و ئاشی پڕلو (جۆ) بوو.

لە یەکەم ساعەتەکانی هاتنی ئێمە بۆ وڵاتی شووڕەوی پەنجە و ددانی بێ ڕەحمی ئەستالین بۆ ئێمە مەعلووم بوو. یەکەم شەوی تاریک و خۆفناک لە ژیانی پڕ لە ڕووداوی ئێمە، شەوی عارەفە ئاخرین ڕۆژی مووبارەکی مانگی

ڕەمەزان لەوبەری سنوور، لە وڵاتێکی نەناس و چارەنووسێکی نادیار، ئای کە چەندە مەترسی هەیە.

لە تەویلەکەدا لەگەڵ عەزیزی ڕەفیقم لەسەر پەتوویەکی کۆنی سەربازی دانیشتبووین و بیرمان لە داهاتووی خۆمان دەکردەوە. وامان قەرار دانا کە قسەکانمان جیاواز لە یەکتر نەبێ هەرچی لە عەزیزیان پرسی ئەو بڵێت: لەگەڵ من هاوڕێ و هاوڕێگا بووە.

ئێمە زۆر کات بیستبوومان لە قەدیمەوە باسیان دەکرد کە هەر کەس لاقی بە ئێرە بگا ئیتر ڕێگای گەڕانەوەی نییە. بەهەرحاڵ عەزیز ژن و منداڵی نەبوو و دڵی لە دەریاێکی مەندوو و ئارام دەچوو، بەڵام من کە سێ ساڵ بوو ژنم هێنا بوو و منداڵێکی ١٨ مانگەم هەبوو و سەرپرستی ئەوان بووم. چارەنووسی من چی لێ دێ؟

ویژدانم زۆر منی عەزاب دەدا و لە کاری خۆم زۆر پەشیمان ببوومەوە کە بۆچی لە هیچ و خۆڕایی ئاوام کرد؟ زۆر وێدەچوو لەو دەریا بێ سنوورەدا، لەو چارەنووسی نادیارە تێدا بچین. وەکوو هەزاران گەنجی ناکام و بەخت گەڕاوە لە ژێر ماشێنی وردکردنی سۆسیالیزمی ستالین پان ببینەوە.

شەو تاریک بوو و بایەکی ساردی دەهات. لەو کاتەوە تا نیوەی شەو من و عەزیز ڕازو نیازمان دەکرد. خەوم لێ نەدەکەوت. بیرم لەوبەری سنوور دەکردەوە. سیمای بابی ڕەنج کێشاو کزو و تورەم دەهات بەر چاو، فرمێسکی گەرمی ڕەعنای هاوژینم دەدیت کە لەسەر گۆنای و ڕەنگ زەردی لە حالێکدا منالەکەمی لە باوەش کردووە.

دۆست و ڕەفیقەکانم دەهاتنە بەر چاوم ترسێکی سەیر منی داگرتبوو. عەزیز قسەی دەکرد و دەگریا، قسەکانی ویم گوێ لێ نەدەبوو، دەتکوت کەڕ بووم. فکرم دەکردەوە کە ڕابوردوو لە گەڵ ڕابردووکان ڕۆیشتن و ئەوانی لەوبەری سنوورن تازە قەت نایان بینمەوە.

خودات لەگەڵ ئەی نیشتمانی خۆشەویستی من! خوات لەگەڵ ئەی مەهابادی جوان و عەزیزی من! خوات لەگەڵ بێ! خواتان لە گەڵ بێ هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشم دەویستن! خوات لە گەڵ ژن، باب، دایک، خوشک، برا... لەوبەری سنوور هەموو شتێکم لێ بەجێ ما.

وەخۆ هاتمەوە و بیرم لە شتێکی کردەوە. با بە بیانووی ڕۆیشتن بۆ ئاودەستەوە چاوێک لە دەرەوە بکەم بەڵکوو بتوانم لە تاریکی شەو کەڵک وەرگرم و ڕاکەم و بگەڕێمەوە بۆ نیشتمانی خۆم و لەو چارەڕەشی نەجاتم بێ.

لە دەرگای تەویلەکەم دا و بە ترسەوە بانگی پاسەوانم کرد. ( ئەوربوورنی . ئەوربوونی ) (ئاودەست . ئاودەست)م دەست پێکرد. پاسەوان بە بۆڵەبۆڵ و بە جنێودان دەرگای کردەوە و بە چەکەوە لە پێشم ڕاوەستا و بە دەنگی بەرز گوتی: پایدوم . بڕۆین. من کە هاتمە دەرێ ئەو دەرگای داخست و عەزیز بە تەنیا مایەوە.

ڕێگای سەختوو و ناخۆشی ئاودەستی بە چرا دەستیکەی بۆ من ڕووناک دەکرد. بایەکی توند دەهات. شەوێکی زۆر تاریک بوو و پێش چاوی خۆت نەدەدیت. چاوم لە دەوروبەری خۆم دەکرد. پاسەوان پاڵی پێوە نام و بە دەنگی بڵیند گوتی: بڕۆ پێشێ و چاو لە دەوروبەری خۆت مەکە.

نوورپرژانی سنوور دەوروبەرمانی تەواو ڕووناک کردبوو و وەکوو ڕۆژ وابوو. ویستم هەڵێم بەڵام عەزیزم وەبیر هاتەوە، مەحاڵ بوو بتوانم ئەم کارە بکەم، بەڵام چ بەسەر

عەزیزی دەهات؟ سنووریش بە سیمی خاردار و بە کارەبای بەهێز وەسل کرابوو.

لە ئاودەستدا هەموو ئەو شتانەم لێکداوە و بە خۆم گوت: بە هێز بە، نە سەری خۆت بە فەتەرات بدە و عەزیزیش بەدبەخت و چارەڕەش مەکە. تۆ کە دەمێک ساڵە ئەو بڕیارەت داوە دەبێ بە هێز بی، مەترسێ! خوا کەریمە. لە دوای هەر تەنگانەیەک فەرعانەیەک هەیە.

لە ئاودەست هاتمە دەرێ، دیتم قەراول ڕووسی رووبەرووی من بە چەکەوە ڕاوەستاوە، بچووکترین هەڵەم کردبا ژیانمی لێدەستاندم. بە گوتنی: سپاسیبا ـ سپاس ، لە سۆڵدات سپاسم کرد. ئەو جوابی نەدامەوە و گوتی: بڕۆ پێش و بە چرا دەستیکەی ڕێگای پێ نیشان دەدام.

گەڕامەوە لای عەزیز کە چاوەڕێیی دەکردم. پلانی خۆم بە عەزیزی گوت. عەزیز گوتی: هەرگیز ئەو کارە مەکە چونکە دەتکوژن.

شەومان لە تەویلە تێپەر کرد. بەیانی زوو بە دەنگی مۆسیقای وەرزشی بەیانانی سۆڵداتەکان بە نیگەرانی و دڵەکوتە وەخەبەر هاتین. لە کونی دەرگاوە چاوم لە دەرەوە دەکرد،کێوەکانی سەبز و جوانی ئێران بە ئێمە پێدەکەنین و

به شنەبای بەیانی لە لای دەرگای تەویلەوە ئێمەیان لە باوەش دەگرت. دەرگا کراوە.

ئێمەیان بۆ چوونی ئاودەست و شووشتنی دەست و دەمووچاو بانگ کرد. لە سێ لایەوە دەوری ئێمەیان دابوو. دوای تەشریفات و کاری ڕۆژانە نەختێک نان و ئاش و کەتریەکی بچووکی قاوە لەگەڵ دوو کڵۆ قەندیان دانا و دەرگایان داخست.

کات و چرکەکان زۆر بە سەبری دەڕۆیشتن. ئەو ڕۆژەمان زۆر بە نارەحەتی و ناخۆشی تێپەر کرد. کەس بە دووی ئێمەدا نەهات کە بپرسی ئێمە چ کارەین؟ لە کوێ ڕا هاتووین؟

شەوی دووهەم، کارەسات بوو. دەمانهەویست لە یەکەم دیدارماندا بە نوێنەرانی سیاسی سۆسیالیستی یەکگرتووی جەماهیری شوورەوی بڵێین و نارەزایەتی خۆمان دەربڕین کە بۆ ئێمەیان گرتووە، وا خۆمان نیشان بدەین کە بۆ ئێمە جێی شانازیە کە بە وڵاتێکی سۆسیالیستی پەنامان هێناوە و لە زوڵم و ستەمی پادشایەتی هەڵاتووین.

بەڵام بێ خەبەر کە ئەو خەیاڵە منداڵانەی ئێمە بە کەڵکی ئەوان نایە و هەر گوێیشی لێ ناگرن. بەڕاستی ڕژیمی ستالینی هەر غەریبە و بێگانەیەکیان بە چاوی جاسووس تەماشا دەکرد. چ گەورە و چ بچووک هەموو دەبوو لە دەمی ماشێنی جەهەنمی گۆشت و ئیسکی وردکردنی ئەم.گ.ب تێپەڕ کەن. ئەگەر لە هەزار کەس یەک کەس زیندوو ماباوە تا ئەبد لەژێر چاوەدێری دابوو و ژیانی لە بەدبەختی و چرمەسەری و هەمیشە لەژێر پرسیار دابوون و دەبوو لە ئەمروو و دەستوری ئەوان دابێ.

ئەگەر کەسێک زانا و زیرەک بوایە چ باشتر کە ببێتە جاسووس تا ئەوکاتی کە ئەوان پێویستیان پێ بوو و کاتێک کە زانیبایان کە ئیتر کەڵکی نەماوە ئەگەر ئینسانێکی گێژ با خانەنشینیان دەکرد بە حقووقەکی زۆر کەم. بەڵام ئەگەر وەشیار و زیرەک با و تا ڕادەیەکی زانا با بە تەسادوف یا کوشتن، لە سەر زەوی ونیان دەکرد.

ئەوانەمان لە ڕۆژەکانی یەکەم و دووهەم لەگەڵ عەزیزی چاوەڕێ دەکرد و پێکەوە لێکمان دەداوە، جا بۆیە قایشەکەمان لێ توند کرد و بڕیارمان دا کە لە هیچ نەترسین و لە بەرانبەر بە موشکیلەکاندا بە هێز بین.

ڕۆژی دووهەم دوای نیوەڕۆ دەرگا کراوە سۆڵداتێک هات و منی بانگ کرد و من لەگەڵی ڕۆیشتم. دیتم سەرهەنگێکی کڵاو سەوز، ئازەری، بە سیمایەکی گیراو و چاوێکی تیژ هەر تەماشای من دەکا. من زۆر بە وریایی و لەسەرخۆ سڵاوم کرد. جوابی نەداوە و ئیشارەی کرد کە لەسەر کورسی دانیشم.

دوای ئەحواڵ پرسێکی سارد بە زمانی ئازەری پرسی: کێم؟ من ناو و نێوی بنەماڵە و کارو و شەرحی حاڵی ژیانی خۆم بۆ گوت. ئەو بە هەر دوو چاوو زەقەکانی چاوی لە من دەکرد و دەیهەویست من هێپنوتیزم کا و لە یەکەم دیدارمان تێکم بشکێنێ.

پرسی: بۆ هاتووی؟

گوتم: ئێمە لە پێشدا ئیجازەمان وەرگرتووە کە بێینە شووڕەوی و لەگەڵ بەرپرسانی باڵادەست لە بابەت ستەمێک کە بە نەتەوەی ئێمە دەکەن قسان بکەین و داوای یارمەتی کەین کە شۆڕش بکەین و ڕژیمی گەندەڵی شا بڕوخێنین.

( من لە پێشدا لە گەڵ عەزیز قسەمان کردبوو و قەوڵ و قەرارمان دانابوو کە باسی زۆر شت نەکەین و باس لەوە نەکەین کە بۆ خوێندن هاتووین چونکە داوای پەنابەری ئێمە بێ ئەرزیش دەبوو ).

سەرهەنگ جوابەکانی منی یادداشت دەکرد و زیاتر خۆی پرسیاری دەکرد تا جوابێکی کە دیهەویست بینووسێت و بۆ ئێمە پەروەندە دروست بکا. دوای یەک کاتژمێر پرسیار و جواب گوتی: جارێ کارم لە گەڵ تۆ تەواو بووە. بزانم ڕەفیقەکەت دەڵێ چی؟

من گەڕامەوە و عەزیزیان بانگ کرد. عەزیز زووتر هاتەوە و تەنیا چەند پرسیاریان لێ کردبوو و ئەویش هەر ئەوەندەی گوتبوو: من ڕەفیقی ڕێگای ئەومووو و هیچ ئاگاداری ڕووداوەکان و باسەکانی حیزبی ڕهایی بەخش میللی نیم.

سەرهەنگ بە عەزیزی گوتبوو کە زۆر وێدەچی ئێوە بەرێکەن بۆ مەقەری فەرماندهی سنوور لە " لنکران". ڕۆژی دوایی کاتژمێر ١١ی بەیانی ئێمەیان لە تەویلە هێنا دەرێ و بە ماشێنی تایبەتی زیندانیان کە سەربەست و

ئاسندار بوو و لە پێشەوە پاسەوان بە چەکەوە دانیشتبوون بەڕێ کراین.

دوای دوو کاتژمێر ماشێنی ڕەنگ ڕەشی کە ئێمەی تێدا بوو گەیشتە ناوچەیەکی کە لە هەر لاوە دیوار و سیمی خاردار و بورجی ئاسنی بڵیند و پاسەوانی چەکدار لە پێش بیناکە دیاربوو ڕایگرت. ئێمە لە ماشێن هاتینە خوارە و چووینە ڕاهرەوێکی دوورو درێژ بە دەرگای ئاسنی جۆراوجۆر و پەنجەرەی کون کراو.

زانیم کە دەبێ ئێرە زندان یا قەرارگای مەرکەزی لنکران بێت. ئێمە هەر لەسەر گومانی خۆمان ئەو شەتانەمان ساز دەکرد دەنا کەس لەگەڵ ئێمە قسەی نەدەکرد. و نەشماندەتوانی هیچ پرسیارێک بکەین. کە ئێمە لە کوێن؟ زۆر بە ناخۆشی و توندی لەو ژوورە بەو ژوورە و دیسان پشکەنینی لەش. بۆ حەمامیان بردین.

لیباسەکانمان داکەند و تەحویلی ئەفسەرەکەمان دا. چووینە حەمامێکی سارد و سڕ، دوو سەتلی کۆن و سابوونێکی بچووک بۆ خۆ شووشتن تا ئامادە بین. سەرتاش هات و سەری تاشین. تازە زانیم کە ئێمە زیندانین. وێنەیان لێ گرتین و لەسەر پەروەندەیان دانا.

پازدە ڕۆژ لەو زیندانە کۆنە و پڕ لە جرو و جانەوەرەدا بووین. لەو پانزدە ڕۆژەدا دوو جار قسەیان لەگەڵ کردین و دوو جاریش بردیانین بۆ حەمام. ئەو پانزدە ڕۆژە بۆ ئێمە وەک پانزدە ساڵ لە جەهەندەم دا بین وابوو.کەس گوێی بە نارەزایەتی ئێمە نەدەدا. ئێمە دەتگوت یەخسیری جەماعەتێکی کەرو لاڵ بووین.

بەیانێکی زوو ئێمەیان لە ژووری زیندان هێنا دەرێ و سواری ماشێنی سەرپۆشی زیندانیان کردین. جەماعەتێکیش زیندانی لەگەڵ ئێمە سواری ماشێنی میلەدار بوون و وەڕێکەوتین.

ماوەیەکی نادیار لە ڕێدا بووین و لە هەڵتەک هەڵتەکی ماشێنەکە دیار بوو کە بە ڕێگای خۆلاویدا دڕۆین و ڕێگاکە ئیسفالت نیە. حەتەمن ئەوە ڕێگای تایبەت بە دەستگای ئەم.گ.ب بوو کە ئێمەی بە شوێنێکی نادیاردا دەبرد.

لەو بەندەکراوانەی کە لەگەڵ ئێمە بوون یەکیان ئێرانیێکی بەخت ڕەشی خەڵکی دێیەکی ئەردەبیل بوو، ئەوەی تیریشان خەڵکی شاری ئاستارا بوو. ئێمە حەقمان نەبوو کە لەگەڵ یەکتر قسان بکەین، بەڵام بە ئیشارە و چاو لێکردن

کەم تا کورتێک یەکترمان حاڵی دەکرد. ئێوارە گەیشتینە "باکۆ"یە.

ماشێن لە ڕووبەرووی بینایەکی سێ قاتی ڕاوەستا و دەرگایەکی ئاسنی گەورە لە دوو لاوە بە دەنگێکی زۆر ناخۆش کرایەوە. لە ماشێن هاتینە خوارەێ. کاتێک چووینە ناو بیناکەوە تازە تێگەیشتین کە ئەو بینایە ئارام و چۆلە کە زۆر دوور نەبوو لە بنکەی حکوومەتی ئازەربایجانی شوورەوی سۆسیالیستی، هەمان زیندانی بەنێوبانگی ئەم.گ.ب و دەستگای جەهەنمی ئەوانە کە زۆر جاران لە بێرەحمی و جینایەتی وانمان بیستبوو.

دوای هەموو هێنانوو بردن و ئەشکەنجەی ڕووحی پێنج کەس لە ئێمەیان لە ژوورێکی تەڕ و پێس و پڕ لە جروو جانەوەر کردین. لە ژوورەکەدا دوو تەختی ئاسنی ژەنگئاویی، بێ دۆشەگ و پەتوو تێدا بوو. من و عەزیز لەسەر یەکێک لەو تەختانە دانیشتین. عەرزی ژوورەکە زۆر پێس بوو ونەدەتوانی دانیشی، زۆربەی بەندکراوەکان بۆیان گرینگ نەبوو و لەسەر عەرزی ڕادەکشان و دەنووستن.

من و عەزیز لەسەر تەختەکە وەکوو نیو بازنەیەک درێژ بووین.  هەوای ژوورەکە گەرم و بۆگەنیوێکی زۆر ناخۆشی تێدابوو. ئەو شەوە من و عەزیز و چەند کەسی تر تا بەیانی نەنووستین، چاومان لە زیندانیەکانی دیکە دەکرد هەموو نارەحەت، داماو و نیگەرانی دوارۆژی ڕەشی خۆیان بوون.

کەس تاقەتی نەبوو پرسیار بکا ئێمە لە کوێن؟ بۆچی زیندانی کراوین؟ هەموو لە یەکتر دەترسان و هەر کەس پێی وابوو کە ئەوی تر جاسووسی" ئەم.گ.ب "یە! بێ باوەڕی و ترس لە یەکتر لە یەکەم دیداردا جوان خۆی دەنواند.

بەیانی زوو دەرگایان کردەوە و ئێمەیان بە نۆرە بۆ ئاودەستی برد. من کاتێک لە ئاودەست هاتمە دەرێ عەزیزیان لەمن جیا کردەوە و بردیانە ژوورێکی دیکە.

***

دیسان دیداری عەزیزی خۆشەویست

دوای هەشت مانگ نارەحەتی و نیگەرانی بەیانێکی ساردی مانگی ڕێبەدانی ( بهمن ) بوو کە بە منیان گوت: کە ئامادە بم ئێوە" ئەیتاب " دەکەن. من بیستبووم کە "ئەیتاب" یانی ناردنی زیندانی بەرەو چارەنووسێکی نادیار کە زیندانی دەبێ ماوەی زیندانی خۆی لەویدا تێپەر بکا. کە چوومە تاقی

دووهەم ژووری ئەفسەری پاسەوان، عەزیزی ڕەفیقم دیت دوای هەشت مانگ دووری لە یەکتر، لە باوەشم گرت و زۆر گریان.

ئەو کەسە کە لە پشت مێزی دانیشتبوو بانگی کردین و گوتی: وەرن و ئەو حوکمەی " ترۆیکا "ی ئیمزا بکەن.

پرسیم: حکوومی چی؟

گوتی: بۆ ئێوە سێ ساڵ حکوومی زیندان لە " لاگیر" لەگەڵ کاری بێگاری پەسند کراوە. ئێوە شانستان هەیە لە ماوەی ئەو سێ مانگی ئاخردا کەسم نەدیوە کە کەمتر لە دە ساڵ حکووم درابێ.

چاوم لە عەزیزی کرد و گوتم: لە ئێمە غەدر کراوە و ئێمە ئیمزای ناکەین.

ئەفسەرەکە لە ژێر نامەکەدا نووسی کە ئەوانە دژی ئەو حوکمەن و بریاری "ترۆیکا "ی ئیمزا ناکەن.

ئێمەیان لە باکۆ سواری قەتار کرد و بەرەو شاری "ڕستف" وەڕێکەوتین. دوای دوو ڕۆژ گەیشتینە شاری " ڕستف " ئێمەیان دەستە دەستە کرد و سواری چەند قەتاریان کردین و بەرەو زیندانی مەرکەزی ئەم.گ.ب وەرێکوتین.

من و عەزیز پیاوێکی ئازەریمان دیت کە کۆلەبارێکی پێ بوو و هیچ کەس کاری پێ نەبوو. کە نیزیک بووینەوە ناوم لێ پرسی. گوتی: مووهەندیس"حوسێنی ئۆف ستار"م. دەستمان کرد بە قسەکردن و بووین بە ڕەفیق.

پرسیم ئەو کۆلەپشتیە چییە گوتی: ئەوە نینووبانە بۆ ژنەکەم دەنێرمەوە. ئێمە لەگەڵ عەزیز زۆر خۆشحاڵ بووین لە حاڵیکدا هەوای ژووری زیندان سارد بوو و هەڵدەلرزاین لە جەنابی مووهەندیس داوای یەک پەتوومان کرد کە بماندات تا بە خۆمانی دادەین کە سەرمامان نەبێ، بەڵام جەنابی مووهەندیس داوای ئێمەی ڕد کردەوە و من و عەزیز یەکترمان لە باوەش گرت و هەر بەخەبەر بووین. لەگەڵ ئێمە دز چەند کەسی ڕووت کردبوو و هەرچی پێیان بوو بردبوویان.

دوو ڕۆژ دوای مانەوە لە زیندانی " ڕستف" من و عەزیزیان لێک جیا کردەوە و منیان لەگەڵ مەعسووم زادە سواری قەتار کرد و بەرەو باکووری مۆسکۆیان بەڕێ کردین. من لە قەتار لە پەنای مەعسووم زادە دانیشتبووم. عەزیزیان لە "ڕستف" لە من جیا کردەوە و نەمدەزانی بۆ کوێیان ناردووە زۆری بۆ نیگەران بووم.

ئازاد بوون لە زیندان

لە بەهاری ساڵی ١٣٣٢.١٩٥٣ ماوەی زیندان بەرەو تەواو بوون دەچوو. کاریان نەدەدامێ، لە ماوەی زیندانیم دەگووزرا هیچ خەبەر نەبوو، تا دوا مانگی پووشپەڕ(تیر) منیان بانگ کرد و دوای وەرگرتنەوەی شت و مەکی زیندان لەگەڵ جەماعەتێکی نائاشنا لە "لاگیر" بۆ دێ "شبروف" چووین و لەوێشڕا بە "بارژ" بە لای " سوسوا" و لەوەێشڕا بۆ " سوردلوف " هاتین.

لە ناوچەی " نیژنی تاگیل" عەزیزی فەرهادی لەگەڵ ئێمە کەوت بە دیتنی عەزیز یەکجار شاد بوومەوە و نارەحەتی زیندانم لەبیر چۆوە.

من ڕادیۆیکی ڕکورد ڕووسی باشم لە دوکانێکی " لاگیر" کریبوو و لەگەڵ عەزیزی هاوڕێم گوێمان لە هەواڵەکانی ئێران دەگرت. ئاغای "ئەحمەدی قەرە چەمنی " دۆستی تارانیم لە دانشسەرای سەرەتایی هاوسەفەرم بوو لە سەفەرە نەکبەتەکەی لەگەڵ عەزیز لە " لاگیر" بوویان پەیدا بوو.

دوای دوو ڕۆژ مانەوەی لە " ئەزبورنی پونکت" ( ناوچەی کۆبوونەوەی زیندانیان) بەیانی زوو عەزیزی هاوڕێم شاد و شەنگوڵ لە حەساری گەورەی " لاگیر" هاتە ژووری و گوتی: خەبەرێکی خۆشم بۆتان هەیە.

گوتم: چییە؟ پێم وابوو کە ئێمە ئازاد دەکەن.

گوتی: حەمەدی مەولوودیم دیوە.

گوتم: حەمەدی مەولوودی لە کوێ، لێرە لە کوێ؟ ئەو لە ئێرانە و بە دژی شا خەبات دەکا.

گوتی: وەرە با بچین لە دوورەوە تەماشای کەین. لەسەرەخۆ بانگی بکەین نەک لە خۆشیان شێت بێ.

من و عەزیز لە ژووری" براک " وەدەر کەوتین و لە دوورەوە ئاغای حەمەدی مەولوودی، سەرهەنگی سەردەمی قازی محەمەد و قارەمانی میللی، خەریکی کۆکردنەوەی قونچکە سیغار کە فڕێیان دا بوون، لە حەساری " لاگیر" کۆی دەکردنەوە و تووتەکانی دەڕشتن و بە کاغەزی ڕۆژنامە سیگاری دروست دەکردن کە بێکەسی و دەرد و غەمی خۆی بە دۆکەڵی سیغاری ئەهوون کاتەوە.

به دیتنی ئەو دیمەنە ناخۆشە زۆر تێکچووم. عەزیز گوتی: سەبرکە با گاڵتەیکەی لەگەڵ بکەین و دوایی قسەی لەگەڵ دەکەین.

عەزیز لە گۆشەیەک خۆی شاردەوە و بانگی کرد: حەمە . حەمە.

ئاغای حەمەدی مەولوودی کە خەریکی کۆکردنەوەی قونچکە سیغار بوو. یەک جێ هەستا و چاوی لە دەوروبەری کرد و گوێی خوراند و قامکی بچوکی لەنێو گوێی ناو و تەکانێکی دایە پێ وابوو گوێ دەزرنگێتەوە.

دیسان خەریکی کۆکردنەوەی قونچکە سیغار بوو. عەزیز بە دەنگی بڵیند هاواری کرد: حەمەدی مەولوودی.

کاک حەمەد مەولوودی وەک شێتان چاوی لە دەوروبەری خۆی دەکرد کە عەزیز خۆی نیشاندا بۆ لامان هات. کاک حەمەی بێچارە ئێمەی دیت و ناسینیەوە و هاتە لامان لە خۆشیان وەک منداڵ دەگریا و لە باوەشی کردین. ئێمە کاک "حەمەد"مان بردە لای خۆمان تا لەگەڵمان هاوسەفەر بێ.

من و عزیز له ئوردووگای کاری بێگاری، به کار کردن و زەحەمەتێکی زۆر پوڵێکی باشمان کۆکردبۆوه. لەنێو زیندانەکاندا له هەمووان دەوڵەمەندتر بووین و وەک چینی ئەشرافی حیسابیان بۆ دەکردین.

به ئیفتیخاری دیتنەوەی ئاغای "حەمەدی مەولوودیان"، قارەمانی میللی و دوژمنی سەر سەختی ڕژیمی پاشایەتی له لاروک ( دووکان )ی ئۆردووگا، گۆشت و برینج و ڕۆن و...مان کڕی و به یارمەتی دۆستان پڵاوێکی خۆشمان ساز کرد، و نیزیک ده کەسێک بۆ نەهار بانگهێشتن کران. هەموو له دەوری یەکتر کۆبووینەوه. دەمان خواردوو و به حەرەکاتی کاک حەمەدی مەولوودی پێدەکەنین.

ئاغای مەولوودیان ماوەیەکی زۆر بوو که چێشتێکی باشی نەخوارد بوو و ڕیخوولەکانی به پێی پێویست چەوری نەدیبوو. شەو که داهات ئاغای مەولوودیان تووشی زگ چوونی خوێنی بوو. لەبەر ژانی زگ و بەردوام زگچوونی له عەزاب دابوو و ترسی مردنی لێ نیشتبوو و زۆر بێ تاقەت ببوو. له دەرمانخانەی " لاگیر" دەرمانمان بۆ وەرگرت و زۆرمان دڵداری داوه.

کاتێک کە دۆستان بڵاوەیان کرد من و عەزیز لای ماینەوە کاک حەمەد ڕووی لە من کرد و گوتی:

.کاک قادر من دەمرم و ئێرانی نابینمەوە، بەڵام وەسیەتێکم هەیە لە تۆ و لە عەزیزی داوا دەکەم کە بۆم بەجێ بێنن.

گوتم: کاک حەمەد ئینشاڵلا هیچت لێ نایە. بەڵام فەرموو گوێم لێتە.

گوتی: لە سابڵاغ باغێکم هەیە نیوەی ئی منە و نیوەش ئی "عەلی تووتنچی"یە، کوڕی "حاجی کەریمی شیری" تاجری بەنێوبانگی مەهابادە.لە نێوەڕاستی باغەکەدا دارێکی قەیسی تێدایە و ئەوە ئی منە. ئەگەر بۆ ئێران گەڕانەوە و چوونەوە مەهابادی مەهێڵێن عەلی تووتنچی ئەو دارەی داگیر بکا. کارێک بکەن کە ئەو دارە وەبەر وەرەسەکانم کوڕەکەم و ئامینی کچم کەوێ.

من و عەزیز زۆر پێکەنین، بەڵام کاک حەمەگوتی: بە گاڵتەی مەگرن. زۆر بەڕاستی باسی ئەو دارەی دەکرد.

ئاغای سەعید خانیان، نەریسی تەبرێزی و ئاغای قەرە چەمنی و محەمەدی کە لەگەڵ عەزیزی لە "لاگیر" زیندانی بوون و یەکتریان چاک دەناسی و زۆر حورمەتیان بۆ عەزیزی دادەنا لەگەڵ ئێمە کەوتن. هەموومان خەباتمان

دەکرد بۆ ژیان و مانەوەی خۆمان. هەموو هاوسەفەر بووین.

هەر کەس کارێکی دەکرد. غەیری خواردن. لە "لاگیر" خۆمان چێشتمان بە دڵی خۆمان ساز دەکرد. ئێمە لە "لاگیر"کارمان نەدەکرد. چاوەڕێی چارەنووس بووین. دەیانهەویست تەکلیفی ئێمە دوای مردنی ستالین ڕوون کەنەوە. یەک یەک لە ئێمەیان دەپرسی: کێ دێهەوی بۆ ئێران بگەڕێتەوە؟ زۆربەی زیندانەکان دەیانهەویست بۆ ئێران بگەڕێنەوە، ئیتر بۆ وان فەرقی نەدەکرد چ ڕژیمێک لەسەر کارە، شاهەنشاهی، فاشیستی یا میللی. چوونکە هەموویان ئەو ڕژیمەمانیان پێ چاکتر بوو لەو وەزعەی کە ئێستا تێدا بوون و بە گیان و دڵ پێیان خۆش بوو کە بۆ وەتەن بگەڕێنەوە.

چارەنووسی من و عەزیز و ئەحمەدی قەرە چەمنی و محەمەدی و کاک حەمەدی مەولوودی غەیری وانە بوو. حەمەدی مەولوودی حوکمی ئیعدامی هەبوو و ئەگەر گەراباوە حەتمەن ئیعدامیان دەکرد.



حەمەدی مەولوودی

بەرەو باکۆ

بەڵام چارەنووسی من و عەزیز ماوەڕای چارەنووسی ئەوان دیکە بوو. ئێمە دەمانویست لە سایەی ڕژیمی سۆسیالیستی و بێ هەوتای ئەستالینی کە ڕادیۆو تەلەڤزیون بە شاخ و باڵیان هەڵدەگوت، بەشتێک بگەین و شتێک فێر بین کە بە کاری نەتەوەکەمان بێت.

بۆیە گەڕانەوەی ئێمە دوای ئەو هەموو چەرمەسەری و بەدبەختیە و فەوتانی بەشێک لە لاوێتیمان ئیتر دەبوو بە هەر جۆرێک بێ بمێنینەوەو بخوێنین نەک بگەڕێینەوە و بکەوینە بەردەستی پاسەبان و ئاژانی شاهەنشاهی و ببین بە گاڵتەچی مەئمورانی ساواک.

ئێمە داوای مانەوەمان کرد. دوای مانگێک ودەرنگ کەوتن لە دوا مانگی خەرمانان ( شهریور ) ساڵی ۱۳۳۲ خەبەریان داینێ کە دەمانەوێ لە کوێ بمێنینەوە. هەمووومان "باکۆ"مان هەڵبژارد.

دوای چەند ڕۆژ ئێمەیان لە " تاشائەوس" ئەو جێیە جەهندمە بۆ ناوچەی " ئەندیجان " بەڕێکرد. ئەندیجان شارێکی خۆش و پڕ لە دارە میوەیە و خەڵکێکی بەهێز و زەحمەتکێش بوون. ئێمەیان سێ ڕۆژ لە زیندانی مەرکەزی

ئەم.گ.ب ئەندیجان ڕاگرت و بەڵگەی دەرچوونی ئێمەیان لە زیندان کە تەنیا سەندیەک بوو دایانە دەستمان لەگەڵ سەد ڕووبل کە پارەیەکی زۆر کەم بوو و پووڵی قەتار تا "کراستودەسک" و کەشتی تا "باکۆ"یان داینێ و ئێمەیان لە زیندان ئازاد کرد.

ئێمە یەک ڕۆژ لە "ئەندیجان" ماینەوە و قەتاری "ئەندیجان کراستودەسک" لە لای گۆمی "خەزەر" وەڕێ کەوت. شەو لە "کراستودەسک" ماینەوە و بۆ بەیانی دوای وەرگرتنی بیلتیی کەشتی لە "کراستودەسک" بۆ "باکۆ" وەڕێکەوتین.

ئێمە گەیشتینە "باکۆ"یە، چووینە میوانخانەیەکی درەجە سێ بەنێوی " کەندی". میوانخانەکە لە قەراغ شار بوو. داوای جێمان کرد. کە بەڵگەکەی ئێمەی دیت قەبووڵی نەکردین بە پاراینەوەیێکی زۆر پێشخزمەتی میوانخانەکە بە نەهێنی لە ئەنباری ژێرزەمینی میوانخانە بۆ شەوێک بە دوو بەرابەری قیمەتی تەختی میوانخانە پووڵی لە ئێمە وەرگرت.

ئێمە پێنج نەفەر لەسەر یەک قەپانی کۆن و چەند کورسی شکاو بە زەجر و غەزاب شەومان ڕۆژ کردەوە. ڕۆژ کە بۆوە بە زەحمەتێکی زۆر ئیدارەی فیرقەی دێمۆکڕاتم کە لە مەرکەزی شار لە شەقامی خاقانی بوو دۆزیەوە.

ئیدارەی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجانی ئێران لە بینایەکی دوو قاتی و حەسارێکی داخراو و دەرگایەکی ئاسنی ماشێن ڕویی گەورە، واوەێدەچوو کە ئەم بینایە ئی یەکێک لە ئەشرافەکانی دوای ئینقلاب بووبێ، چووینە ژووری ئاغای ڕەحیم قازی مەعاونی "غوولام یەحیا دانشیان" و ئاغای عەلی گەلاوێژ کارمەندی ئەرشەدی ئیدارەی سیاسی فیرقەی دێمۆکڕاتمان لە غەریبایەتی دیتنەوە.

ئەوان ئێمەیان زۆر بە گەرمی قەبووڵ کرد بەڵام هیچ کامیان ئێمەیان بۆماڵی خۆیان دەعوت نەکرد و لە دیداری ئێمەش تا ڕادەیەکی بە شک و گومان بوون. ناچار بووین چووینە لای "غولام یەحیا" و داوامان لێکرد تا تەکلیفمان ڕوون دەبێتەوە ژوورێک، جێگایەکمان بدەنێ تا ئێمە چەند ڕۆژ بحەسێینەوە و بە سەروو و وەزعی خۆمان ڕابگەین.

ئەو پیاوە دڵ ڕەقو خوێنمژە دڵی بە ئێمە سووتا و ڕووحمی پێ کردین و دەستووری دا کە ژووری پێشخزمەتی

ئیدارەمان بدەنێ. ئەو پێنج نەفەرە وەک مەڕ لەوێدا کۆبووینەوە و چاوەڕێی ئەمری ئەم.گ.ب و باڵادەستانی فیرقە بووین. دوو پەتوو کۆن و کەترێکی چایان دایێ. پەتووکانمان لەسەر عەرزی ڕاخست و کەتریکەش بۆ کۆلاندنی ئاوی گەرم کەڵکمان وەردەگرت.

ئاغای ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ "دودمسزون" (پالتوی بەهاری )کۆنیان بە من و عەزیزی دا، کەلەبەری کەین و لە سەرمای پاییز و زستان لە ئەمان دا بین و ٥٠ ڕووبلیشمان وەک شاباش وەرگرت تا بەو پووڵە بتوانین لە شاری پێی بەگەڕێین.

دوای چەند ڕۆژ من و عزیز و حەمەدی مەولوودی بۆ ژیان و کار چووینە شاری " قووبا " کە شارێکی زۆر خۆش ئاو و هەوا و باغی یەکجار زۆری داره "سێو" لێ بوو و مەرکەزی داره سێوی بوو.

هەڵبەت ڕۆیشتنی ئێمە لەسەر داوا و مەسلەحەتی دۆستان و خێرخوازان بوو، دەنا ئێمە هیچ شتێکمان نەدەزانی و ئاشنا بە هیچ شوێنێک نەبووین. حەمەدی مەولوودیان لە سوخوز ژمارە ١٢ نیزێکی " قووبا " بە کاری پاسەوانی باغی سێو مەشغول بوو، کار و ماڵ و ئەسب و چەکیشان دایە.

من و عەزیز هاتینە شاری " قووبا "، بە یارمەتی ئاغای "فەرج دەست گشادە " کە نوێنەری فیرقەی دێمۆکراٖت بوو لە "قووبا". دوای چەند هاتووچۆ، تکاو پارانەوە ژوورێکی بچووک لە شوێنی خەوی قووتابیەکانی تەربیەت مووعەلیم دامیٚ. دانیشسەرای سەرەتایی ماڵی کوودەک (دت دۆم) کە لەوێدا کچی بیٚ پەنا و بیٚ سەرپەرستیان ڕادەگرت بە ئێمەیان دا. من و عزیز بە وەرگرتنی ئەو ژوورە بچووکە زۆر شاد بووین و وەدوای کار پەیداکردن و درێژەدان بە خوێندن کەوتین.

عزیز دوای چەند ڕۆژ بە یارمەتی ئاغای "فەرج دەست گشاد" لە ئیدارەی ڕێگا دامەزرا و لە ناو ماشێنی مابەینی ڕێگای دیٚ و شار بلیتی دەفرۆشت. منیش بۆ کارخانەی خشت سازی چووم.

دوای ماویەکی کورت عەزیزی خۆشەویستم هات بۆ لام و نەختێک سێو و میوەی وشک و پووڵی بۆ هێنابووم لە پێشی دانام. لە گرفت و نارەحەتی منی پرسی. گوتم: وەزعم لە کارخانەی خشتی زۆر ناخۆشە و نەتیجەی کارەکەم زۆر خراپە.

عەزیز گوتی: غەمی لێ مەخۆ، ئێمە شەوانە دەخوێنین و دەچێنە کلاسی شەوانە و بە ڕۆژ من دەچم بلیت فرۆشی دەکەم. بزانین خوا چی دەوێ. ئەگەر کاری باشترمان دیتەوە چ باشتر دەنا تۆ بخوێنە و من هەم دەخوێنم و هەمیش کار دەکەم. هیوادارم بتوانین ئەو هەموو کۆسبەی کە لەسەر ڕێمانە چارەسەری بکەین.

من و عەزیز بە مەدرەسەی ( ئەکابیر ) شەوانە کە زۆر لە ماڵی ئێمە دوور نەبوو چووین و لەگەڵ مودیری مەدەرسەکە ئاشنا بووین. ئیجازەی لە کلاس بوونمان لە ئاغای رئیسی فەرهەنگ بە یارمەتی مودیر مەدرەسەی شەوانە وەرگرت و لەسەر کلاسی دەرسی شەوانە حازر دەبووین.

لەگەڵ عەزیزی دەچووینە مەدرەسەی شەوانە. وانەکان بۆ ئێمە زۆر سەخەت بوو. عەزیز دوای یەک مانگ حازر بوون لە کلاسی دەرس تاقەتی بۆ خوێندنی پۆلی دواناوەندی نەما و مەدرەسەی ئەکابیری بەجێهێشت.

## ماڵئاوایی عەزیزی خۆشەویستم

من و عەزیز بۆ قەبووڵ بوون بۆ زانکۆ چوینە باکۆ. عەزیز لەسەر داواکاری دۆستەکانی چونکە سەوادی باشی بۆ بەردوامی خوێندن لە زانکۆ نەبوو بۆ کلاسێکی سەرەتایی مەدرەسەی سیاسی چوو. مووچەیەکی چاکیشان بۆ بڕاندەوە و هەر لە زانکۆکەشدا ژورێکیان دایە. لە بابەت عەزیزەوە فکرم ئاسوودە بوو کە شوکر دەستی بە خوێندن کردووە و چارەنووسێکی باشی دەبێ.

عەزیز لە مەدەرسەی سەرەتایی ـ ئامادەگی زۆر بە چاکی خەریکی خوێندن بوو. چوومە لای عەزیز و دەمهەویست باسی قەبووڵ نەبوونی خۆم لە زانکۆی نەوتی بۆ بکەم بۆ ئەوەی لە نیگەرانی بێیتە دەر. عەزیز زۆر نارەحەت، دڵ تەنگ و بە پەرۆش بوو. هۆی نارەحەتیەکەم لێ پرسی؟ گوتی: قەوەم بە خوێندن لە زانکۆی سیاسیدا ناشکێ. هەرچی بۆم شی دەکەن چی لێ تێ ناگەم.

یەکێک لە هاوشاریەکانی عەزیز پێ گوتبوو هەر کەس لە تاقیکردنەوەی دوا مانگ سەرنەکەوێ لە مەدەرسەی سیاسی وەدەری دەنێن.

عەزیز گوتی: ئەوە بۆ من شەرمە و کەسری شانە، من تاقەتی ئەو شەرمەزاریم نیە.

من زۆرم دڵخۆشی داوە و پێم گوت ئومێدت بە خودا بێت. من دەمهەوێ بچم بۆ "مۆسکۆ " و دەڵێن مەلا مستەفا لەوێ مەقام و ڕێزێکی تایبەتی هەیە. دەڕۆم لە بابەت دوارۆژی خۆم قسە و مەشوەرەتی لەگەڵ دەکەم. چونکوو ئەو دۆستانەی ئێمە، لێرە زۆر دڵسۆز نین و ڕێگای دروستمان پێ نیشان نادەن.

عەزیز گوتی: زۆر کارێکی باش دەکەی. ڕەنگە یەکتر نەبینینەوە گەردنم ئازادکە.

گوتم: عەزیز گیان ئەوە چ قسەیەکە دیکەی. ئێستا کە من قەبووڵ نەبووم. هەر ئەمڕۆ یا سەبینی لە زانکۆ وەدەرم دەنێن. بەیانی بلیتی قەتار دەستینم ئادەرسی مەلا مستەفا پەیدا دەکەم و لەگەڵ دکتۆر شەلماشی دەچینە لای. کاتێک گەڕامەوە ئینشاڵڵا شاد و سەرحاڵت دەبینم و لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتوو دەبی.

عەزیز بزەیکی تاڵ و بێ ئومێدی کرد و گوتی: بەیانی پێش ڕۆیشتنت وەرە بۆ لام.

بۆ ڕۆژی دوایی بلیتی قەتار بۆ "مۆسکۆ"م وەرگرت و شەو چوومەوە ماڵی خۆم. بەیانی زوو خۆم ساز کرد و چەمەدانەکەم هەڵگرت و بۆ لای ماڵی عەزیز چووم.

دیتم لەبەر دەرگای مەدرەسەی سیاسی جەماعەتێک لە پەنابەرانی ئێرانی و قووتابیەکانی زانکۆ و فیرقەچیکان و دێمۆکراتەکان و ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژ کۆبوونەوە و لە بن گوێی یەکتر قسە دەکەن.

پرسیم چ باسە؟ عەزیز لە کوێیە؟

یەکێک گوتی: عەزیزی ڕەفیقت لە ژێر زەمینی ماڵەکەی ئەمڕۆ پێش نەهارێ خۆی هەڵواسیوە و خۆی کۆشتووە.

ئەو خەبەرە تاڵ و ناخۆشە وەک کوتکێک وابوو کە لە سەری منیان دابێ و گێژ بووم و خۆم بۆ ڕا نەگیرا و چوومە ژوورەکەی، عەزیزم دیت بێ گیان ڕاکشاوە و گیانی شیرینی بە گیان ئافەرینی پێشکەش کردووە و تەنافێکی بە ملی وە بوو و بە چاوەکانی دێڕوانیە ئەو دنیا پڕ لە ناخۆشی و نەکبەتیە.

عەزیز بەو کارە ویستبووی لەو بەدبەختی و ڕەنجی ڕووحی نەجاتی بێ.

دۆست و هاوکلاسێکی گوتی: عەزیز زۆر نائومێد بوو. عەزیز ئەو مەدرەسەی پێخۆش نەبوو. بە زۆری پێیان داسەپاندبوو و هەمیشە دەیگوت: ئەگەر لە تاقیکردنەوەکان قەبووڵ نەبم خۆم دەکوژم.

یەکێک لە دۆستانی ئێوە پێی گوتبوو: ئەگەر کەسێک لە تاقیکردنەوەکاندا قەبووڵ نەبێ لە زانکۆ وەدەری دەنێن. عەزیز لەو ئابڕۆچوونە زۆر دەترسا. عەزیز بە منی گوت: کەس مووزاحیمی من نەبێ. من لە ژێرزەمینێ تەنیا خەریکی دەرس خویندن دەبم.

یەکێک لە قووتابیەکانی ڕەشتی لە ڕووداوەکە ئاگادار نابێ و دەچێتە ژێرزەمینێ تەرمی بێ ڕووحی عەزیزی دەبێنت و هاوار دەکا و هەر لەوێ لە هۆش دەچی، بە هاواری وی قووتابیەکانی دیکە هەڵدێن تا بزانن چ قەوماوە و ئەو هاوارە ئی کێیە؟ تەرمی هەڵاوسراوی عەزیز بە تەنافی ئەستوور بە قولاپێکی کە بە مێچی ژوورەکە قایم کرابوو دەبینن.

تەنافەکەی دەبڕن و تەرمەکەی دێنە خوارێ و بەرپرسان ئاگادار دەکەن. تەرمی عەزیز بە زووترین کات دەبەنە

نەخۆشخانەی "سماشکا " تا پشکەنینی پزشکی قانوونی بۆ بکەن.

دوای پشکەنینی پزشکی قانوونی، لە لایەن فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان و جەماعتێک لە دۆستان و ئاشنایان، عەزیزی قسە خۆش و فیداکار و جوان، لە قەبرستانی باکۆ بە خاک ئەسپاردرا.

بەداخەوە، زۆر بەداخم بۆ ئەو تراژدی و کارەساتە کە قەت فەرامۆش نابێ.

ئای مێهری تەبیعەت، ئای ئەستیرەکان ئەوە چ کارەساتێکە کە من دێبێنم. ئەو شیرین یاری دیار، ئەو یارە باوەفایە، من بە ڕەنج و ماتم و عەزا دانیشتووم. قەڵەم بشکێ ئەگەر درۆ بنووسم، زمانم لال بێ ئەگەر درۆ بکەم. ئەی چاوەکانم، ئەی دیدەی غەمبار، بۆ ئاوا عەزیزتان لەمن جیا کردەوە.

ئاخ، چ بڵێم کە ئەو کاتە چ بەسەری من هات. من چۆن دەتوانم ئەو هەموو سۆزی دڵم بنووسم. خودایە چارەنووسی من تاریک بوو بۆ ئەوەندی دیکە تاریکترت کرد.خوات لەگەڵ ئەی یاری دیرێنی من، ئەی عەزیزی عەزیزم، بزانە کە قەت فرامۆشت ناکەم.

دیدار لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی

بۆ بەیانی لەگەڵ دکتور مستەفا شەلماشی چووینە خزمەت مەلا مستەفا بارزانی. کە چووینە ژووری کۆمەڵێک خەڵک لە دەوری جەنابی مەلا مستەفا کۆببونەوە و خەریکی قسە کردن بوون. مەلا مستەفا لە دکتور مستەفای پرسی: دکتور ئەوە قادرە؟

.بەڵێ مامە گیان!

مەلا مستەفا منی نەدیتبوو و ئەگەر لە مەهاباد لەنێو ریزی قوتابیەکان مەدرەسە منی دیبێ، منی لەبیر چوو بۆوە.

مەلا مستەفا ڕووی لە دکتور کرد و گوتی: عەزیز کە خۆی کوشتووە ڕەفیقی زیندانی ئەو برادەرە بوو.

دکتۆر گوتی: بەڵێ.

مەلا مستەفا گوتی: قادر وەرە لای من دانیشە.

من هەستام و چوومە نێوان مامۆستا "کوردیف " و مەلا مستەفا لەسەر کورسێک دانیشتم. مەلا مستەفا زۆر ڕێزی لێ گرتم و زۆریش خەمباری نەمانی عەزیزی ڕەفیقم بوو.

مەلا مستەفا گوتی: ئەگەر عەزیز نەیدەتوانی لە زانکۆی سیاسی بخوێنێت بۆچی ناردتانە ئەوێ. ئەوەتان بە خاتری

پوڵ کردووه که حقووقی زیاتری بدەنێ. هەڵەیێکی گەورەتان کردووه. من بیستوومه که عەزیز گەنجێکی زۆر زیرک و تێگەیشتوو بووه. دەیتوانی بۆ کۆمەڵگای ئێمه مامۆستایێکی باش با و زۆر سوودی هەبا. حەیف بوو.

مەلا مستەفا له درێژایی قسەکانی کوتی: ئەو کاره ناحەزه کاری "ڕەحیم"مه. چوون بۆ خۆی ئەو ڕێگایه ڕۆیشتووه و دێهەوێ کەسانی دیکەش به دووی خۆیدا بەکێشێت و بەدبەختیان بکا. نەکەی تۆش بۆ مەدرەسەی سیاسی بچی!
گوتم: نەخێر. جەنابی مەلا مستەفا من له سیاست و قوماری سیاسی بێزارم. ئەو زەهره تاڵەم چێشتووه که نەدەبوو قووتی دەم بەڵام له زاریان کردم.

ئاهێکم هەڵکێشا و چاووم پڕ بوو له فەرمێسک. مەلا مستەفا دەستی لەسەر شانم دانا و گوتی: غەمی لێ مەخۆ ئینشەڵڵا هەموو شت به باشی تەواو دەبێ.

خەبەرێکی دڵتەزێن

ڕۆژێک لە پارکی میللی قووبا دانیشتبووم و خەریکی دەرس خوێندن بووم کە گەنجێکی " لزگی " هات و لە لام دانیشت. بە غەموو پەژارێکی زۆرەوە باسی لەناو چوونی عەزیزی کرد و زۆری غەم بوو. گوتی: تۆ " سارا و هەنار " خانمت لەبیرە کە دەهاتنە دانشسەرای تەربیەت مووعەلیم دەرسیان دەخوێند.

گوتم: بەڵێ. دوو کچی زۆر جوان و خۆشەویست بوون کە جار جار دەهاتنە لای ئێمە بۆ ئەو ژوورەی کە لە تەنیشت ماڵی کوودەک ( دت دۆم ) بوو.

گەنجەکە کوتی: خوشکی گەورەی سارا لە ساراش جوانتر بوو و لە دێی دەژیا. وادیارە و وەکی خەڵک باسی دەکەن لەو سەفەرانەی کە عەزیزی ڕەفیقت بۆ گوندەکانی دەوروبەری کردووە لەگەڵ ئەو کچە نێوانی خۆش دەکا و ئاشق و خۆشەویستی یەکتر دەبن. ئێمە زۆر درەنگمان زانی. ئەو خانمە هەم خزم و هەم جێرانی ئێمەیە. نازانم ئەو کچە لە کوێ ئەوەی دەبیسێت کە عەزیز بە تەنافی خۆی هەڵاواسیوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، ئەویش هەر بەو شێوەیە لە ماڵی خۆیان خۆی هەڵداواسێت و کۆتایی

به ژیانی خۆی دێنێت. له نامەیەک که له دوای خۆی بەجێی دێلێت دەزانین که ئاشقی عەزیزی بووه و نەمانی عەزیزی بۆ تەحەمووڵ ناکرێ و کۆتایی به ژیانی خۆی دێنێت.

ئەو خەبەره ناخۆش و دڵتەزێنه دیسان غەمی منی تازه کردەوه و له گەڵ ئەو گەنجه له پارکی شاری قووبا ڕووبەڕووی گەڕەکی جوولەکان تێر تێر گریاین.

له کتێبی: خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر " ئاسۆ " ( چهره مهاباد) نووسینی: دکتۆر قادر مەحموود زاده " ئاسۆ ".

*وەرگێڕ له زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی: فارووق فەرهاد.

## بیرەوەری حەمەدی مەولوودی

مامۆستا هەژار لە کتێبی " چێشتی مجێور"دا لە زمانی کاک "حەمەدی مەولوودی" بیرەوەری دەگێڕتەوە کە پێوەندەی لەگەڵ کاک "عەزیزی فەرهاد"وە هەیە. هەڵبەت مامۆستا هەژار لێرەدا هەڵەی کردووە و نێوی "عەزیزی فەرهاد"ی نووسیوە "مارفی فەرهادی". لاپەڕەی ٣٣٥. ٣٣٦

لە باکۆ ڕا ڕایان گوێزتم بۆ زیندانی فلان، لەوەێوە بۆ فلان شار... (ڕەنگە ناوی پەنجا شاری گوتبێ کە لە بیرم نەماون) لە زیندانێکدا ئەفسەرانی ئەڵمانیش هەبوون، زۆر خۆش دەژیان. لە تاو هەڵاتەوە دەهاتنە بەر تاو. وەرزشیان دەکرد، جگەرەی باشیان هەبوو.

دوای ئەوان بۆ نێو سەعات ئێمە دەچووینە حەسار، قونچکە جگەرەکانیانمان هەڵدەگرتەوە. زیندانیەکی ڕووسمان لەگەڵ بوو، نەقیزەی دروست کردبوو، تا من دوو قونچکم هەڵ دەگرتەوە، ئەو هەمووی دەچنینەوە. خاک ئەندازێکی ئاسنم لە سەریدا، نووقمی خوێنم کرد. لەویش ڕایان گوێزتم.

نزیکەی دوو ساڵ لەو زیندان بۆ ئەو زیندان ڕاگوێزرام، تا ستالین مرد. باریان کردم هێنامیانە سەحرای کەرەکەڵپاق، چەندین ملیۆن حەشامەتی تری لێبوو کە لە سیبریا و هەموو زیندانەکانی شوورەیەوە هێنرابوون، دەتگوت حەشری نێرەکەرە!

برسی و ڕووت و سەرگەردان بەناو ئەو هەزارە زیلەدا دەخولامەوە بەڵکوو یەکێک پارچە نانێکم بداتێ. کابرایەکی ئەرمەنی، دیاربوو پووڵی زۆرە، گوتی: ئەری تۆ لە ئاشپەزی دەزانی؟

. عەجەب کەرێکی! بەدبەخت من ئاشپەزی کوڕی شێخ مەحموود پادشای کوردستان بووم!

چێشتم بۆ لێدەنا و خزمەتم دەکرد و لە خێوەتەکەی دەنووستم. گۆلاوێکی گەورەی لێ بوو قاپەکانم لێ دەشووشت.

هەتیوێکی قوتەم لێ پەیدا بوو، بە تورکی تێی ڕاخورێم:

. ناوت؟ کوێندەری؟ چکارەی؟

هەر تۆقیم. بێ و نەبێ ئەوە پۆلیسی سڕی یە و دەمبەنەوە زیندان.

.برا من فەقیرم، کوردم، هاتووم بەڕێم کەنەوە بۆ عێراق.

بانگی کرد: مارف وەرە حەمەدی مەولوودە لە من ترسا!

قادری مەحموود زادە و مارفی فەرهادی( عەزیز فەرهاد دروستە ) هەر دووک سابڵاغی، کە سێ ساڵ پێش هاتبوون دەربارەی دروست کردنی حیزبی " لاگری ڕووسان قسە بکەن، هەر لە سنوور گرتبوویانن و بردبوویاننە سیبریا.

ئەو مابەینە بە ڕۆژ داریان پێ شکاندون و بە شەو دە حەبسسیان کردوون. ئەوانیشیان هێناوەتە لای من. قاپ و قاچاغم هەر لەوێ بەجێ هێشت و چوومە لای سابڵاغیان.

ئەوانیان قەبووڵ کرد بچنە باکۆ، هەوڵیان بۆ منیش دا، بردیانمە ئازەربایجان لە گوندێک بە ناو ( قووبا ) لە سەد کیلۆمێتری باکۆ کرامە پاسەوانی باغاتی دەوڵەت. ئەوێم زۆر خۆش بوو. بەڵام ڕەحیم قازی ناچاری کردم بێمە باکۆیە. حقووقی پەناهەندەگی وەردەگرم، خانووم دراوەتی، ئەوە تۆم لێرە دیتەوە...

لە کتێبی: چێشتی مجێور، نووسینی: مامۆستا هەژار چاپی یەکەم پاریس ١٩٩٧


شوێن: باکۆ
مامۆستا هەژار موکریانی
حەمەدی مەولودە چرچی

## وتووێژ لەگەڵ ماپەرەی فەرهاد

لە تاریخی ٢٠٢٣/٨/١٠ لەگەڵ ماپەرەی فەرهاد خوشکی کاک عەزیزی فەرهاد وتووێژم لە ڕێگای تەلەفۆنەوە لەگەڵ کرد. من لێرەدا تەنیا قسەکانی باجە ماپەرە دەنووسمەوە.

باجە ماپەرە کوتی: من کاکە عەزیزم لەبیر نییە ئەوکات کە کاکە عەزیز ڕۆیشتووە من تەمەنم چوار ساڵ بووە و ئەو شتانەی کە دەیزانم لە باب و دایک و براکانم بیستووە. کاتێک کە کاک عەزیز لەگەڵ دکتور ئاسۆ بریار دەدەن کە بڕۆنە شووڕەوی بە دایکم دەڵێ کە من دەچم بۆ تەورێزیە. دایکم دەڵێ: عەزیز گیان تۆ تازە چوویە تەورێز بۆ دەچیووە. دەڵێ: کارێکم هەیە و زوو دێمەوە. کاتێک دەڕوا نامەێکی کورت دەنووسی و لە کەلینێ دیواری حەسارێ دەخا. بەو نامەیە دەزانین کە کاک عەزیز چۆتە شووڕەوی.

ساڵی ١٣٥٧ . ١٩٧٩ دکتور ئاسۆ کە لە شوورەوی گەڕاوە بۆ مەهاباد ئێوارێکی هاتە ماڵی ئێمە لای بابم. کاکە مارفی برام حازر نەبوو دکتور ئاسۆ ببینێت هەمیشە دەیکوت: ئاسۆ برای منی تووشی ئەو چارەنووسە ناخۆشە کرد قەت حازر نیم بیبینم.

دکتور ئاسۆ زۆر دانیشت تەواوی سەرنەوشتی بۆ بابم گێڕاوە، کە چۆن ڕۆیشتوون و چیان بەسەر هاتووە و چۆن کاک عەزیز خۆی کوشتووە. بابم زۆر گریا. تازە پاش بیست و هەشت ساڵ بە تەواوی دڵنیا بوو کە کوڕەکەی نەماوە. بابم هەمیشە ئۆمێدی هەبوو بەڵکوو ئەو خەبەرە ڕاست نەبێ.

دکتۆر ئاسۆ دەیکوت: کە عەزیز لە مەدرەسەی علوومی سیاسی دەیخوێند و هاوکات ئاشقی کچێکی ڕووسی ببوو. یەکتریان زۆر خۆش دەویست. کاک عەزیز داوا لە کچە دەکا کە بێتە سەر دینی ئەو. کچە قەبووڵ ناکا و ئەوە زۆر کار لە هەستی کاک عەزیز دەکا. هاوکات کە لە دەرسەکانی سەرکەوتوو نابێ ئەو بڕیارە دەدا کە کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ. دکتۆر ئاسۆ دەیکوت: کە کاتێک کچە ئەوە دەبیسێ سێ ڕۆژ دوای مەرگی کاک عەزیز ئەویش کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

دکتۆر بە بابمی کوت: تەنیا شتێک کە لە عەزیز ماوەتەوە یەک چەمەدانە کە بەداخەوە نەمتوانی بیهێنمەوە. بەڵام سەعاتەکەی لای منە فەرموو ئەوەش سەعاتی عەزیزیی.

بابم ئیتر بە یەکجاری دڵنیا بوو کە عەزیز نەماوە و ئەو غەمە کە چەند ساڵە پێوەی دەناڵاند لەگەڵ خۆی بڕدە ژێر گڵی.

سپاس بۆ باجە ماپەرە کە ئەو زانیاری دا بە من دەست خۆشی لێدەکەم.

## وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ باجە ماپەرە



مەهاباد ساڵی ١٣٤٤ . ١٩٦٦

ڕاوەستاو لە چەپەوە: تووبای فەرهاد، سەعادەتی فەرهاد ( کراسی سپی )، گڵ ئەندامی فەرهاد، ماپەرەی فەرهاد، عیشرەتی فەرهاد، مەریمی فەرهاد، نەسرینی فەرهاد، سولەیمانی فەرهاد، قادری فەرهاد، ( لەناو دەستی نەسرینی فەرهاد، فاڕووقی فەرهاد ).

وێنە لە بنەماڵەی بەڕێزی عەلی فەرهاد وەرگیراوە.




گڵکۆی دکتور قادر مەحموود زادە " ئاسۆ " کە لە تاریخی ١٣٧٧/٦/١٨ لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.



فارووق فەرهاد

سەرچاوەکان:

. ئاڵە کۆک، نووسینی: غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حامید گەوهەری، ساڵی ١٩٩٧چاپی یەکەم سوئید

. خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو ( چهره مهاباد ) نووسینی: دکتر قادر محمودزاده ( آسو ) چاپی یەکەم ساڵ ١٣٧٣ تهران نشر هور

. قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان، نووسینی: حامید گەوهەری، هەولێر ساڵی ٢٠١٧

. چێشتی مجێور، نووسینی: مامۆستا هەژار، چاپی یەکەم پاریس ساڵی ١٩٩٧

. ڕۆژگاری ون بوو، بەسەرهات و بیرەوەرییەکانی ڕەحمان قازی، بە قەڵەمی: ناسر قازی، چاپخانەی ڕەهەند سلێمانی چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٨

. سەدەی کارەسات، گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلووریان، برایم فەڕشی، سلێمانی چاپخانەی شڤان ساڵی ٢٠٠٨

. ئاڵبوومی بنەماڵەی بەڕێزی جەعفەر فەرهاد

. ئاڵبوومی بنەماڵەی بەڕێزی عەلی فەرهاد

. ئاڵبوومی بنەماڵەی بەڕێزی حاجی عەزیز ئیبراهیمیان